# پەلکەزێڕینەی خەیاڵ

پەخشان

ڕەووف محەمەد ئالانی

٢٠١٦

پەلکەزێڕینەی خەیاڵ

o ناوی کتێب: پەلکەزێڕینەی خەیاڵ
o نووسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی
o بابەت: پەخشان
o تایپ و هەڵەچن: نووسەر
o دیزاین: هەرێم عوسمان
o چاپ: چاپخانەی کاروخ
o تیراژ: ١٠٠٠ دانە
o نرخ: ٣٠٠٠ دینار
o نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم – ٢٠١٦
o شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمـــارەی ســـپاردنی ( ١٥٤٧) ی ســـاڵی ٢٠١٦ ی پێـــدراوە

**پێشکەش بێت بە :**

------------------

* خەوتی زڕێنراوی لاوانی بێ موراد .

*تاریکە شەوی نهێنی ئەوینداران .

* بێنازی ، نازی نازدارانی شەنگ و کیژە دڵشکاوەکان
*خۆڵ و خاکی نیشتمانی بە مشت بووی ، گیرفانی خۆخوازان.

*مەرگی ناکامی بێ گۆڕو بێ جێی وونبوەکانی دەستی ستەمکاران .

* ڕێبوارانی ڕێگەی ووشەو زمانی کوردی .

# پاساریەکانی سەهۆڵەکە

زۆرجار ئەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ خەون و خولیاو حەزو ویستە بەدی نەهاتووەکانی منالیم، ئەو زەمەنەی هەموو شت بۆ ئێمەی منال یاساغ و بقەبوو، هەرلەیاری کردن و گە ڕان و گە مە لەگەڵ گیانداران و باڵندەکان و تەنانەت بینینیان لامان مەحاڵ بوو، بۆیە من لەخەونەکانمدا دەیان جار ئەچومە ئەو خەیاڵ و حەزانەی کەپێگەیشتنیان مەحاڵ بوو، تەنانەت لە چونم بۆ قوتابخانەو فێربونی هۆنراوەی (ئەی چۆلەکەپاساری) کەماموستا پێی ئەز بەر کردین ، لەهەموو شیعرو چیرۆکەکانی تر، لام شیرینتر بوو لەوکاتەوە کەپاساریم ئەبینی تێر تێیان رائەمام و بەهاورێی نزیکی خۆمم ئەناسین بەو خەیاڵەی منالیم ئەو بەیانیان ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ و بەجوانترین شێوازو بەجریوە ناسك و خۆشەکەی ئاگادارمان ئەکاتەوە کەکاتی خەو تەواو بوو ئیتر ئەبێ هەستین و بڕۆین بۆ قوتابخانەمان و بخوێنین و ئایندەی گەش ببینین، بۆیە بەشێکی تەمەنمان قەرزاری شاعیری نەمر (کاکەی فەلاح) ین کەیادگاریەکانی لەدڵی هەمووماندا ئەژی ، ئەمرۆ

لەسەهۆڵەکەی سلێمانی (شەقامی سالم) ئەو بیرەوەریە ، هزری هەژاندمەوەو گە ڕامەوە بۆ مناڵیم ، دوو شۆفێری تاکسی هەست بەرز سەمونیان وورد ئەکردو بۆ چۆلەکەکانیان فرێ ئەیا و ئەوانیش لەدەوریان کۆئەبوونەوە ، لام سەیر بوو لەم شارەدا زۆر کەسی جوان و بەویژدان و هاورێی باڵندەهەبن، چونکە من هەرتا پڕ و دارلاسیك و بەردم ئەبینی ئا ڕاستەی ئەو باڵندە بچوکانەبکرێ ، نزیك بوومەوەو چەند وێنەیەکم گرتن و سوپاسی ئەو دوو بەرێزەم کرد ، با خۆشەویستی باڵندەو گیانداران بکەینە نەریت و دڵمان بەهاورێیەتی خەیاڵی مناڵیمان ببوژێنینەوەو ئەو خەونەی جاران بێنینە دی.....

# پەخشانە وتاری (ڕەووف محەمەد ئالانی)
# لەکۆڕی شیعری (سەدەیەك ماوەعاشق بین)

ئازیزان و خۆشەویستان و شیعردۆستان،
سڵاوتان لێ بێت و بەخێرهاتن
لەئامێزی وشەی گەرمی  شیعری پاراوی زمان
لەئاهەنگی  ئۆخژنی  بەجۆشی دڵان
لەنیگای چاوی خوماری دڵداران
لەهەنسکی سپێردراوی بێ ئومێدی دوو لێوان
لەسرتەی سرِی ترسی جێ ژوان
لەئاونگی دڵۆپەی نێوچاوان
لەچرپەی تامەزرۆی دیداری سەرچرپان
لەئاوازی بەجۆشی پڕهۆشی سازی سازان
لەنەغمەی پڕ حوزنی عودی دڵان
لەتروسکەی نوتە کەی شەوان
لەسرمەی سڕبووی کاروان
لەهاژەی تاڤگەی کۆساران
لەچاوی  ڕوونی سەرچاوەی کانیان
لەزبری پەنجەو دەستی سەپان

لەخرمەی خرنگەی خانمان
لە لەرەی ژێی کەمان
لە ناڵەی زامداری زامان
لە نرکەی شێری بێشەی ژیان
لەکاسەی پڕی  جۆشی سەران
لەگرمەی بەهاری زەنگی هەوران
لەتیلی چاوی تفەنگی پێشمەرگەی سەرسەران
لەزەنگی سەرفرازی عەفرین و کۆبان
لەشەنگال و جەلەولای مەردان

ئازیزان:
لەگشت شوینێ لەگشت لایە ، خەرمانی مانگی چواردەی ئەدەب وهونەرئامادەیەو ئێمەش میوان و دۆستان و ئازیزانیش خانەخوێی دیوان و سەری خزمەتکاری ئێمەش لەحزورکۆڕی میوان لەسوجدەی ڕێزدایە،  بەڵێن و پەیمان لەئێمەوە بۆ خزمەتی وشەی پیرۆزی کوردی و ژانرەکانی ئەدەب و ئاوێزانی هونەر ئەکەینە پارسەنگی کارو ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر، خۆشەیستان وا ئەمرۆش لەدیداری کۆڕی شیعری (سەدەیەك ماوەعاشق بین) دەستەو نەزەر لەخزمەتاناین و هیوادارین بتوانین هەر ئاوا بەردەوام بین لەکاری ئەدەبی و هونەری لەیەك دانەبڕیین،  لەو رۆژەوە تیشکی خۆری ناوەندی روناکبیریی شارباژێر لەکەلی ئاسۆ دەرکەوتوە خەم و خەومان

تەنها ئەوەبووە چۆن لەم کاروانە نـەیـە ینـە دواوە و بـەردەوام بین،  لێرەوە سوپاسی هاوڕێیانی دەستەی باڵای ناوەنـد دەکـەم کەبێ گوێدانەهیچ لەمپەرێك چقڵی بەردەم کارەکانیان لا ئەبەن و ڕێگەکە پاك ئەکەنەوە گوڵی جوانی ژیان ئەروێنن.

سـوپاس بـۆ هـەمـوو ئـەو کـەس و لایـەن و بـەرپرسـانەی بەرپرسانە هاوکارو هاو خە من لەگـەڵـمان دوا ڕۆژئـەبنـە جێـی شانازی مێژووی پرشکۆی ئەم دەڤەرەی نیشتمان..

زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان و بەخێربێن سەرچاوانمان..

## پەلکە زێڕینە

لـەنیگایـەکـی پـڕ تـەلیـسماوی و ئـاڵۆزی تێکـەڵ بـوونی ڕەنگەکانی سروشت ، جگـە لـەسـەرسـامی و تاسـان و ڕامـانی هزرو وێڵ بوونی ئەندێشەی قووڵی بێ بن، هیچم نەچنیـەوەو تاڵە دەزووی ڕووناکی ڕۆژ وتاریکی تارمـایی شـەو بوونـە دوو گەمەی سەیری سروشت ، لە وونی هەرکامێکیان بیرو یادی ئەم هەژێنێ، بۆیەمرۆڤ ناتوانێ لەجوانی سروشت بگات و هەموو تەفسیرەکانی کـورت و کـەم بینـە ، تـای تـەرازووی هـزر ئـەو جوانیە ناکێشێ.....

## پەنهانی پەیامی عەشق

من ئەم خەمەی دوری تۆ، بۆیەباس ناکەم تا بیکەمە جوانترین و دانسقەترین چیرۆکی عەشق ، تا ئەوەی خوێندیەوە ، بگە ڕێ بەدوای هەناسە ساردیەکانی ئەم زە مەنە قورسە و لەکۆڵانە تاریك و باریکەکانی نەهامەتیدا گوێی لە دەنگی چرپەی ژووانەکانمان بێت و بیان ناسێتەوە و بەگوێی ئەو بانگبێژانەی دا بدات کەچاوەڕوانن بانگی بەیانی بدەن و لەگەڵ بانگدانەکەدا سیحری ئەو چرپانە بدەن بەگوێی هەموو خەڵکدا، ئەوسا هەرکەلەماڵ دەرچوین و چاومان بەشەقامەکان کەوت ، خەڵك لێمان بڕوانن و بڵێن ئەوە ئەویندارە بێ وێنەکەی ئەم وڵاتەن کەبانگی عەشقی ئەوان نەهێنی بوو بەڵام پەیامەکەیان هێندە ڕاست بوو عالەم پێی زانین....

# پــەیامـی عەشقی باران

ڕێگەی ڕاستی و بیری ڕاستی کردارو گوتـاری ڕاسـتی ، ئـەو پەیامانەن کە وەك خۆر شەوی تاریك ڕاو دەنێن ، ڕاستەبۆ مـاوە یە ك تاریکی و ترس دەست بەسەر جیهاندا دەگرێـت ، بـەڵام هەرکە شەپۆلە زیویەکانی خۆر خۆیان نمایش کردو لەکـازیوە دا بەئاونگی شەونمی گەڵای درەختـەکـان چاویـان شـۆرد ولەگەڵ ، پەیامی ڕوناکیان هێنا بۆ زەوی ئیتر تاریکی خۆی دەشاریتەوە و لەشە وە زەنگەوە بەرەو ئاسۆی ڕوون و کازیوەی سرمەی وشك ڕادەکات و زەوی باوەشی پڕمیهری بۆ خۆری جوان دەکاتـەوە و دەبێتە دایکیکی میهرەبان ، بۆ ئەو کچە شـۆخ و شـەنـگ و قـژ ئاڵتونیـەی خـۆی ، ئـەو خـۆرە نـازانێ چـۆن وبـەچ شـێوازێك پاداشـتی سـۆزی پڕلـەهـاواری دایکـی زەوی بداتــەوە ، بۆیــە ئاوپڕژێنی ڕۆحـی دەریـا دەکـات و بـەفرمێـسکە گـەرمـەکـانی ماچی لێوی دەریا دەکات ، بـەڵام ماچێـك کـەبروسـکەی ژوانـی ژیانە وە بێت ، بۆیـە دەنگـی ئـەو ماچـە دنیا بـەئاگا دێنـێ و گرمەو هاواری زەوی دە لەرزێنـێ و ئاسـمان لـەتـاوا فرمێـسکی خۆشـی دەبـارێنێ . ئـەوەیـە عـەشـقی پـاکی خـۆرو دەریا بـۆ جـوانکردنی ژیـان ، بۆیـە کـە سـمان تـەڕی بـاران و ڕومـەت و جەستەمان بێزارمان ناکات چونکە بـۆنی عـەشـقێکی پـاکی لـێ دێت......

## بۆ عەشقت

مـن لە نیگـای تـۆ هێنـدە مەسـتی تاسـان و خەیـاڵ ئەبـم ، ناتوانم بەبێ پەردە لە چاوانت بڕوانم، نەبا جارێ ئەو تاسـانەی خەیــاڵە م ببێــتە بــێ ئاگــایی تەوا وی و نەیە مە وە ، ئەم سەرزە ویە ، بۆیە ناچار ئەبێت چاویلکەی تیشك پارێز بـکەمە چاوم ، تا گڕی نیگات بێ هۆشم نەکات و بەو گـڕی عەشـقەت نەسوتێم . من ناچارم بـۆ پاراسـتنی خـۆم و مـانە وەی عەشـقە کەی دڵم ، خـۆم بپـارێزم ، چـونکە مـانە وەی خـۆم مـانە وەی عەشـقەکە مە ، ئەوەش لەپێنـاو تـۆدا ئەنجـام ئەدەم گەر تـۆ نەبی نەژیان ئەبێت و نەعەشق و نەمنیش ئەمێنم....

## بـــێـــداری

لەم شەوی بێ ئۆقرەییەی یادی جارانی تۆی بـێ ئە مە ك ، بۆ ئەو هەموو هەست و سـۆزەی مـن ، ویـڕای زانینـی مـن بـۆ ڕەفتـاروبیری ئـالۆزت، کەچـی ئەم شـەویش نە متـوانی بیـرم لەسـەریادت بترازێـنم و خەمەکـانی جارانـت نەکەمە وە بە ئەندێشەی چەند بارەی ساتەوەختەکانم ، ئەمێستاکە نیگەرانی دای گرتوم ، بەهۆی هەڵویستە نابەجێ و نـاجێگیرە کانـت، تـۆ وتت تـا ئەبەد مـن ئەوە م کە دیـوتم ونیگـام لەسـەر چاوانـت لاناچێـت ولەدووریــشت چـاوەڕوانی تـۆ یەخەم بەرنـادات ، ئەوەنە بوو ڕۆژانە خەونی شەوانەت بـۆ ئەگێـڕامەوە و ئەتـوت ئەم شەویش لە جێگەیەکی زۆر خۆش هەر بەیەکەوە بـووین ؟ کەواتە تـۆ هەر لەلامـی و بـێخە م بە ، تـۆ بـوویتە هەناسـەی ژیانم و هەموو چرکە ساتەکانی تەمەنم.

کێ بێت و وە ك من لە و پڕ نازیەی نازدارەکەی ئێستا بێ نازبێت و خەوی لێ نەزڕێت ؟

سەردێنم و سەردەبەم ، هەر سەرلەسەر سەرینی بێ ئۆقرەیی خۆم و بێوەفایی تۆ دەرناکەم ، باشە داد بۆکام دادگای دڵ و ویژدان ببەم ؟ تا هەرنا دڵە بێ ئۆقرەکەم ڕازی بکات وپێی بڵێ کاتی فەرامۆشکردن و لەبیرکردنیەتی ، ئەوساش زۆر ئەستە مە بەوە ڕازی بێت، چونکە یەقینی جاران وای فێرکردوم کە نابێت و ناکرێت و هیچ هۆشیاریەك بەوە ڕازی نیە، تۆ ببیتە ئەوکەسەی ئێستا نەدەنگت هەیە و نەنامەت ئەگات و نەوە ك رۆژانی تر سەرێك لە جێ ژووان ئەدەیتەوە ، لەپڕ بیرم ئەوەندەی تر ئالۆزئەبێت و پێم ئەڵێ :

تۆبڵێی شتێکی بەسەرنەهاتبێت و توشی کارەساتێك نەبووبێت؟

لەم هەموو کەین وبەینەی ئەم شەویش لەسەر جێگە کە م بەدەم تل دانەوە ڕووم کردە پەنجەرەکە سەیرم کرد، وا دوا ئەستێرە خەریکە کزکزئەبێت و لەگەڵ شەوا ئەویش ماڵئاوایی ئەکات و زەمەن بە رۆژ ئەسپێرێت....

## بیرەوەری هێلانەکان

کەس لە ڕابـردووی زێڕینـی منـاڵی خـۆی ناپرسـێتەوە، کە چەندە خولیاو ئاوات و ئارەزوومان
بوو، چۆلەکە پاساریەك بێتە حەوشەکەمان و بیگرین و تێـر سەیری بکەین ویاری لەگەڵا
بکەین، کە ئاواتەکەشمان بەدی دەهات تەمەنی ئەو باڵندە هاوڕێیە مان کورت ئەبوو ئەوەندە
ئازارمـان ئەدا، پاشـان تێـر بـۆی ئەگریـاین و داوامـان لەدایکمان ئەکرد زیندووی بکاتەوە،
ئەویش ئەیوت کورم بـۆچی کوشـتت ؟ تـازە مـرد و زینـدوو نابێتەوە ، منیش ئە موت دایکە بە
خواگیان بلێ زیندووی بکـاتەوە، ئەیـوت، خواگیـان تـووڕە بوە لێت ، کە تۆ وات لێ کرد
بەقسەمان ناکات، وەك هەموو جارەکانی تر بەدڵی شـکاوە وە خەوم لێ ئەکەوت ، بەیانی بیرم ئەکەوتەوە و لەدڵی خۆمـا ئەموت باشە دایکی چـۆلە کە کە بـۆ بەچـکە کە ی نەگەڕاوە و چـاوەڕێی نەکـردوە بچێـتەوە مـاڵەوە ؟بەدەم ئەم خەیـاڵانەوە ئەچـوم بـزانم تە رمە بچکـۆلەکەی چـۆلە کە کە چـی بەسـەر هاتوە؟ کە ئەچوم لەوێ نە مـا بـوو دڵـم خـۆش ئەبـوو بەوەی

زیندوو بـووبێتەوە و ڕۆیـشت بێـتە نـاو هاوڕێکـانی،  ئەم خەم وخولیایەی چۆلە کە کە بوو بە زیاتر خۆشـەوە سـیتی باڵنـدە و گیانەوەران

که هاوڕێکانم ئەچوون هـێلانەی چۆلەکەکانیـان تێـك ئەداو هێلکەکانیان ئەشکاند من تووڕە

ئەبووم و شەڕم  لەگەڵ ئەکردن ،  کە نابێت هێلانەیان تێـك بدرێت چونکە ماڵی ئەوانە و تیایدا

دەحە وێـنەوە و مانـدوێتی فڕینـی ڕۆژانەیـان لەومـاڵە  پـڕ پووش و توکەدا دەکەنە ئارامی و

پشودان،  دوایی زانیم مرۆڤیش نیـشتمان و ماڵەکانیـان وەك هێلانە وایە بۆیان و نابێت ماڵ و

نیشتمانی کەس تێك بدرێ،  خۆزگە هەمـوو کەسێك ڕێـزی لە هێلانەی باڵندەو ماڵی مرۆڤەکان  بگرتایەو بیرلە لەناو بردنی چۆلەکەی هیچ ماڵێك نەکەنەوە ،  چونکە ئەوانە ماڵ و دایـك و هاوڕیکانیـــــــــــان چاوەرێیـــــــــــان دەکەن..

# بێگەردی وەك بەفر

چـی لـەهـەناسـە سـاردو تـەزیـوەکـانی زسـتان سـاردترو بەئازارترە؟ بەڵام منالآنی دنیا حەزیان لەگەمە و یاریە لەگە ڵیدا هەرچەندە دەستە ناسك و نەرم ونیانەکانیـان ئـەتـەزێنـێ وزۆر جار فرمێسکی گەشی ئازار و گـەرووی ناسـکی خونچـە یـان پـڕ ئەکا لەهاواری بێدادی و خوێن تێزانی پەنجـەکانیـان سـەرە ڕای ئە مانە و هەموو ڕۆژانی هاتنی بەفر لەئاسمانەوە لەپەنجەرەی ماڵەکانیانەوە چاوبرکێی حەزو نیگای بەخێرهێنانی خۆری سپی ئاسمان دەکەنە وێستگەی ئـارام بـوونی دڵ و خـەوبینـین بـەو ساتەی چاوی دایکمان نەدیو ئەبێت و خۆمـان ئـەخـە ینـە نـاو باوەشی ئەو جوانی و بێگە ردیەی دیاری یە زدان، ئـەو سـاڵەی مامۆستای وانـەی کـوردی رۆژی بـەفـر بـارینی کـردە دارِشـتن و شیعرەجوانەکەی پیرەمێردی لەسەر تەختە رەشـە کـە نووسـی و ووتی منالآن ئەمرِۆ باسـی بـەفربـارین ئـەکـەیـن ، ئـەزانـم زۆر بەفرتان خۆشەوێ ، بەڵام خۆ هەر ئێوە نین کە شەیدای بەفـرن ئەوەتا (پیرەمێردی )ش زۆر حەزی لەیاری کـردن بـووە لـەگـەڵ بەفـر ئێـوە بۆخۆتـان هـەریـەکـە و سـێ دێـرِ بنووسـن لـەسـەر

شیعرەکە و ئینجا ئەچینە گۆرەپانەکەو تێر شەڕەبەفر ئەکەیـن و شێرە بەفرینەش دروست ئەکەین ئەمەش شیعرەکەیە:

**بەیانی بوو لەخەوهەستام کەڕووانیم بەفرەباریوە**
**سلێمانی ئەڵێی بەلقیسەو تارای زیوینی پۆشیوە**
**دەمیك بوو چاوەرێی بەفرێکی وابووم شکور باری**
**سەرم بەفرەکەچی هیشتا شەرەتۆپەڵمەبۆ یاری**

منیش لەو کاتەوە زیاتر حەزم لەبەفر کرد، کەگەورەش بووم زانیم بەفر نیشانەی پاکی و جوانی و بێگـەردییـە، بۆیـەسـاڵانە پاکی و جوانی و بێگـەردی ڕوومـان تێـدەکـات و دەمانباتـەوە زەمەنی مناڵی کە لێوان لێو بوو لەبێگەردی...

## پاییزان دەبمەبەشێك لەبیرەوەری

چی لەزەردەی پـاییز جوانتربێـت ؟ ئەوسـاتانەی تـامەزرۆی نیگـــایەکی تیـــشکی زیـــوینی هەتـــاوین؟ کە بەدرێژایـــی ڕۆژ دووراودوور ژووانێکـــی نیگـــا ئـــامێز بەزەوی ببەخـــشێ و بە و نیگایە تاسەی چاوە ڕوانیمان یشکێنێ.

هەرگیـــــز ئەو ژوانەم بیرنـــــاچێ کە خـــــۆر لەگەڵ زەوی ئەیبەستێ چـونکە وەفـاو دڵـسۆزی و لەیـاد نەچـوون و بـردنە سەری پەیامی خۆی ئەباتە سەرو ناتوانێ زەوی جێبێڵێـت ، کە ئەم دووعاشق و مەعشوقە بوونەوەرەکانی سەرزەوی فێرئەکەن وەك ئەوان عەشـق بـکەن ووە فـاو راسـتگۆیی بـکەنە پەیـامی دوامەنزڵی ڕۆحیان.

منیش لە پاییزدا ولەبەردەم زەردەی خۆردا بە ڵێنم بەدڵم دا وەك خـۆر ئەویـن بـکەم ، هەربـۆیە ڕۆژانە یەکەم ژوانـگەی عەشـق بەسـەرئەکەمەوە، بەڵام ئەو بەڵێـنەکەی شـکاندوگوێی لەخـۆر نەگـرت، خـۆریش بـۆیە لەئێوارانـدا لاوازوبـێ هێزخـۆی نمایش دەکات و ووردە ووردە ماڵئاوایی دەکـات و بەتـاریکیمان ئەسـپێرێ ، ئەزانـم خـۆر لـێمان تـوورە یە چـونکە پەیمانمـان شکاندو نەمانتوانی بەڕاستی عاشق بین، بۆیە منیش ناچار مـاڵ ئاوایی لەخۆری عەشق ئەکەم وخۆم بەتەنیایی ئەسپێرم و نـابمە نێچیری بەڵێنی درۆی کەس.

سوپاس بۆتۆخۆری ڕاسـتگۆ، ماڵئـاوا زەردەی پـاییزی ئێـوانی جوانی......

# پەیامی رووناکی

وانزیکــەی ســەدەیــەکــە ، ئــاگر وەك مێــژووی دێــرینم خۆشەویـستەو لام پییـرۆزە، هـەروەك ئاتـە شـگەی پـەرسـتگاو هەروەك پەیامی ئازادی، لام بەسۆزە ، وانزیکەی سـەدەیـەکـە پیاوێـك، برسـی بـۆ خزمـەتـی نیـشتمان و ئـالوودە بـەنـەریتـی نەتەوە، ڕێبوارێکی وێڵ بەدوای زانست وجوتیارێك کەخەرمانی سووری بردەوە، لەرابردووئیـستاوداهاتوی نیـشتمان هـەمیـشە بەفەرە و هەرگیز دوایی نایەت ، ئەو خۆرێکی گەشاوەی چـوار وەرزە و ڕۆژدوای ڕۆژ کۆتا نایەت ، ئـەو هـەرچـەنـدە پیرێکـی ڕیش بەفری شارێك بوو بەڵام ئیستا لاوێکی چوارپارچەی دڵێکی خەمگینە، ئەو پەیـامی ئـازادی و ڕاپـەریـن و بـەخـشینە، ئـەو تەنها گردێکی کردبووە جێ مـەشـخە ڵ ومزگێنـی سـەرکـەوتـن، ئێستاکە دە یان و سەدان شاخ ئاگری پڕهێمای نەتـەوەو ئـاین و ئـازادی گـڕی تـاو سـەنـدن، ئـەو ڕێبـواری ڕێـی و غوربـەتـی ئەکاتەسەفەری زانین و گەشتی ژیان، ئەو کەشـکۆڵ بـەکـۆڵ و هەگبهپڕ لەشیعرو لەپەندو لەداستان، ئەکاتە مرواری وئەیداتـە دەست نەوەی نوێ ، ئـەو پاڵـەوانـی دوانـزەسـواەی مـەریوانـە لەهەرکـوێ گـەل پێویـستی بێـت والـەجـێ ، ئـەو پیتـی چـاپی ووشەی مەردی پڕلەبـەهـای کوردیـە و نـەوە بـەنـەوە ئـەیداتـە دەست و هەمووله‌بەردەمیا کڕنۆش برددووبەدەست و پێ، ئەو

لەو ڕۆژەی ئاسۆی ڕوونی کردە دیاری بۆ شەفەقی خوێتی لاوان، هەرپەیامی جوانی ئەوە بەو عەشقە وە سنگی لاوان بۆبەرزی نیشتمان سوپەرەو قەڵغان، هەرڕۆڵەولاوە جوانەکانی ئێستای کورد بەخەیاڵ و یادی جاران ، کوردی پۆشن یادی نەورۆز ئەکەن بەیادی نیشتمان، وا دیلا نی دەنگ پڕلەسۆز بەهەستێکی جوان و پڕجۆش، هەرچی لاوی ئەم شارە یە ئەخاتە ناو ئامێزی جووڵە و خرۆش ، والەباکور دەیان لاوی کوڕوکچ خۆیان ئەکەن بە مە شخە ڵی گڕی نەورۆز، لە ڕۆژئاوای بەرخۆدان و شاری گیانبازی کۆبانێ، لهرۆژهەڵات سەدان پەتی سێدارە کەس نایزانێ، لەباشوریش هەڵهاتن لەدەست نادادی و بوون بەخۆراکی قرش وماسی ، دایکی دەیان جەرگ سوتاو هەرمانەوە بە کەساسی ، دەگەورەم پیری پیران، هۆ گەورەم مەردی مەردان، لەئیستادالەگۆڕە کەت لەم ئەم گردی یارەوە، سەر هەڵبڕە و پەیامی نوێمان بدەرێ، ئەوەی دوژمنی گەلە مل بشکێنێ و چاوی دەرێ، دڵمان پڕ خە م بەهە زار دەرد و بارە وە، بەڵام یادی نەورۆزی گەل مەشخە ڵە کە ی بەرزو جوانە ، گرەوی سەرکەوتن وایە ناسرەتن و بەرخۆدانە ، لەیادی نەورۆزوساڵی نوێ، پەیامی نەتەوە گە شەو نوێ ، باش بزانن دوژمنانی کوردستان ، نەتەوەی کورد مەردو دلێر، کۆڵ نادات لەتێکۆشان...

## تارمایی، بەشی سەرەکی ژیانمان

بیــرمە ئەوســاتانەی منــاڵیم ، کە منــاڵێکی بزێــو بــووم و شەوانەش لە ناو جێگاکەما تادرە نگ هەرقسەم ئەکـردو خەوم لە خێزانەکە مان ئەزڕاند، ناچار دایکم ئەیووت بخە وە پشیلە کە دێت یـان ئەیـوت شـەولە بـان بۆمـان دێـت ، یـان ئەیـوت ئایشە گوێ درێژ ئە مان خوات ، دایکم لەدڵـسۆزی و بـۆ بێـدە نگ کردنی من ئەو قسانەی ئەکرد تا بخەوم، ڕاستە بـێ دەنـگ ئەبووم ، بەڵام لەژێر لێفەکە وە تاریکیەکە م لێ ئەبـوو بە شـتی زۆر ترسـناك و تادرەنـگ ئەهـاتنە بەرچـاوم ، کەخەویـشم لـێ ئەکەوت خەونی زۆر ترسناك و ناخۆشم ئەبینی ، ئە مانە وایان لێ کردم کە نەتوانم لە شەواندا بە تەنها بچمە دەرەوە بۆ سـەر ئاویش ئەبوایە یەکێکم لەگەڵ بهاتایە ، لەمەوە ئەیان ووت تـۆ ترسنۆکی و ئازا نی ، منیش لەبەر نەسەلماندنی قـسەی ئەوان و سەلماندنی ئازایەتی خۆم ، ناچـار ئە چـوومە دەرەوە لە و شـە وانەدا بەتەنها و ئە موت ئەها مـن ئـازام، تە مەن بە سـانایی و بە پەلە قۆناغی ژیانی منالّی تێپەراند وبەرە و هەرزەکـاری خـۆ بە هەموو شت زانین یەخەی پێ گرتم، هەرچەند بەشی خـۆی لاساری و شـەڕەنگێزی یـاری وتـوو ڕەیـی و هـیچ لەکەس قبـوڵ نەکــردن ڕوو بە ڕووم بـۆوە بەڵام بـاش بـوو بەهـۆی تـرس

لەماموٚستا کانم کە ئەوسا فەلاقە هەبوو بوٚمان ، ئەگەر بەدڵیان هەڵسوکە وتمان نەکردایە بەهەموو خراپیەکانی ئەو مامەڵەیەی ئەیانکرد لە گە ڵمان بەڵام پاراستیانین لە سەرلێشێواوی و نارێکی هەڵسوکەوتمان، لە زە مە نی بەعسی رووخاویش تارمایی منالّیەکەم ببوە ئەو سەربازانەی لەناو پۆلەکانی خوێندندا دەستی هاوریکانمانیان ئەگرت و بۆ شوێنە نادیارە کان ئەیان بردن و نەمان ئەبینینەوە ، دایکەکانیشیان جلی رەش و چاوەڕوانی بەشیان بوو، لە دوای ئەوە خۆشی و باوەشکردن بە ئازادیدا خەونی جوانی هەموومان بوو، پاش ماوەیەکی کەم بینیمان ووڵات ئاودیو کرا لە سەردەستی شۆرشگیرەکانمان و گرانی و خەم بوون بە تارماییەکی تری ژیانمان، بەسەر ئەو تارماییە قورسە نەگریسەدا رۆژانە تەرمی دەیان گەنجمان ئەبینی لەو شەرەی نازانین هۆکاری چی بوو لەنێوان حیزبەکاندا خولقا، ئیستا وا (٢٥) ساڵ بە چاوەڕوانی باشتر ودابرانی یەکجارین لەتارمایی ژیانمان، کەچی حیزب و بنەماڵەکان و گرێبەستی شاراوەی نەوت و کوشتنی نەهێنی و بێبەش کردنی خەڵك لە هەموو شتەکان بوون بە تارماییەکی ئەبەدی تر بۆ ژیانمان، ئەی خودا تۆ بڵێی ئەم تارماییانە کەی کۆتایی بێن و تروسکەی ئومێد و خۆشی ژیان لە ئاسۆوە هەڵبێن ؟؟؟........

## تەمتومان

وامەبینە ، لەم تە متومانی هەراو زەنایەی زەمەن و گێژاوی گۆمی قوڵ و مەنگی نەهامەتی و پڕ خەم و تاسان، بـەئاسـانی ببمە خۆراکی داڵە قەلخۆرەی کەلاك خۆر، سـەرم ئـەبـەمـە کـە شکەڵان و نایەڵم چرنوکی تیژو پۆخڵـت بگاتـە سـۆما و دیـدەی ڕوونم تاریك بکەیت ، ئەو خەونەی تۆ باهەر بەخەیاڵ بمێنێ و منیش لـەم جـەنجاڵیـە وەك درەختـە بـاڵا بـەرزەکـان ، رووە و ئاسمان هەڵدەکشێم و لەسەر شاخی بڵندی دوور لـەتـۆ، شـنەو سرمەی بایەکی ئارام بۆ زەوی دەکەمە دیاری و ئەوانی تـر شـاد ئەکەم بەخۆشنوودی.....

## تەنیایی پرە لەجوانی

تەنیایی ئەو چرکە ساتە یەکە مرۆڤ بەدەر لـەکـەسانی تـر بیرو هەست و هۆش و ئـەندێـشە و خـەیـاڵ دەبێتـە میـوانی و پـەلکێـشی ئـەکـات بـەرەو نادیـاری و دوور لـەواقیـع و ژیـانی راستی، هەرچەندە خەیاڵ دەربڕو پێناسەو ناسنامەی هـەسـتی بیری مرۆڤە و ئاوێنە و بەرجەستە ی ژیانە ، بـەو جـۆرەی هـزر حەزی پێ ئەکات ، هەرچەنـدە بـەئاسـانی نابێتـە بـەرجـەسـتە بەلام خەیاڵ لەچەند چرکەساتێکدا ئەو مەرام و ئاوات و خـەون و حەزو خولیایە بەدی دێنێ و شادمان ئەکات بەوەی هـەرگیـز پێی نەگەیشتووین ، مرۆڤ کەتەنیا ئەبێ بیرکردنەوەی زۆرترە ، تـەنیـایی دوور لـە مرۆڤـەکـان ناسـیومانە ، بـەڵام لەڕاسـتیا کەتەنیاش ئەبین تەنیا نین بەدوو شـێواز یـەکـەم ئـەو هـەمـوو مادە و دروستکراوەکانی یـەزدان کـەنـاکرێ فـەرامـۆش بکـرێن، هـەر لـەبـەرد و گـژو گیـاو دارو درەخـت و ئـەو زینـدەوە رە بچوکانەی دەورو بەرمان ویاڵندەکان و مێرووەکان ، کەئـەمانـە بـەشـێکی گـەورە لـەخـەیـاڵ و بیرمـان ئاراسـتەی خـەون و بۆچوونەکانمان ئەکەن و ئاراستەی حەزەکانمان پەلکێشی خۆیـان ئەکەن و ئەبنە مۆزیك و نیگارێکی جـوان بـۆ ئـەندێـشەکانـان،

دووەم کارەکتەری خەیاڵی خۆمان کە ئەو نەستانەن لـەپـشتەوە خولیاو حەزو ئەنگێزەو پێداویستیەکانی مرۆڤ کەئەیەوێ پێیان بگات و بوونە بەشێك لەخەونی بەدی هـاتن، کـەواتـە دەکـرێ تەنیایی هۆکاری گەیشتن بێت بەئامانجی بیر و خولیاو خەون و خەیاڵ.

وەك(محەمەد عومەر عوسـمان)ی شـاعیر، تـەنیـایی گریـان بـەدی دێنـێ یـان توانـەوەی دڵ و جـەرگ و بـوون بـەبوریـان ئەخولقێنێ و نامان باتەسەر مەنزڵی ئـارام و وێـستگەی خۆشـی کەدەڵێ :.

**ئای چەندە مەیلم لەگریانێکە**
**دڵ و جەرگمی تیا بتوێتەوە**
**تەنیام وتەنیا، کەس نیە باوەش**
**بۆ ئەم ئازارەی من بگرێتەوە**

لای شاعیر تەنیایی ئەبێتە گریان بۆ دەربڕینی خەم و ئازاری تەنیایی ، چونکـە ئـەو ئـازارەی شـاعیر لای خـەڵـك حـسابی بـۆ نـاکرێ وەك خـۆی ئامـاژەی بـۆ دەکـات ، ئـەو حـەز دەکـات لەگریانەکە یا دڵ و جەرگی کەسەرچاوەی بونیادی خە مە کەی ئە ون بتوێنەوە ، چونکـە کـەسێك نیـە خـەمـەکـانی بلاوێنـێ، توانەوە لێرەدا بە دوو مانا دێت یەکەم فـەنـا بـوون و کۆتـایی ژیانە ، دووەم توانەوەی خەمەکەیە بەهۆی گریانـەوە ئـەمیـان

دروســت تــرە لــەوی تــر چونکــە ، خــوای گــەورە لــەقورئانــدا دەفەرموێ :.

**(فاليضحكوا قليلآ وليبكوا كثيرآ)**

واتە(کەم پێبکەنن و زۆر بگرین)

هەربۆیە پیرەمێردی نەمر ئەڵێ:.

**پێکەنینی زۆر دڵ تیکەڵ دێنێ**

**هەندێ جار گریان خەم ئە ڕەوێنێ**

بۆیە تــەنیــایی زۆرجــار جــوانترین کــات و ســات و زەمــەنــی تەمەن ئەپێوێ و مرۆڤ ئەباتەوە سەر ئەو هەستانەی پــشتەوە و نەستە نەزانراوەکان....

# ترس وترساندن

ترس ئەو حاڵەتە دەروونـیەیە کە هەنـدێ جـار ڕووبە ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ترس واتە دروست بوونی بارێکی ناسروشـتی وئاڵۆز و گۆڕاو لە دۆخی ئاسایی بۆ دۆخێکـی تـری ئـاڵۆز ، جـا ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی یان دەروونی یان ئـابووری یـان سیاسـی دەگرێتەوە.

هەمــووکەس لە مــردن دەترســێ و یەخەی هەمووشــمان دەگرێت، قوتابی وخوێندکار لەتـاقیکردنەوە دەترسـن ، چـونکە ئەنجامی ناڕوونە، هەرلەترسی ژێردەستی هانا بۆ بەرەنگـاری و شۆڕش دەبرێت، مرۆفی ئازادیخواز بەگیانی بەرگری لە ئـازادی ئەکات لەترسی ژێردەستی.

زۆر جـار نەترسـان ئەفرانـدن بەرهەم دێنـێ ، وەك گـۆرانی مەزن لەدێرێکدا بەم جۆرە باسی نەترسان ئەکات و ئەڵێ :.

بنووسە ، بپرسە، مەترسە

چەند دێڕێ شیعری جوانت بیسە

زۆرجــار ســتەمکارانیش ئەترســن لەوەی کورســیەکانیان لەدەست بەن یان لەناوبچن بۆیە چیان پێ بکرێـت ئەیـکەن تـا پێگەو کورسی و هێزی خۆیان قایم و پتەو بکەن و رێگە نـادەن کەس لە فەرمان و یاساو ڕێساکانیان دەرچێ و سـەدان شـێوازی

نامرۆڤانە و ئـازادی و خەونـی خەڵکـانی تـر ئە زڕێـنن لەپێنـاو مەبەستی تایبەتی خۆیان، یان بەجۆرێك یاسـاكان رێـك ئەخەن تا بۆ خۆیان بێـت ، وەك لەم هەرێـمەی ئـێمە دا دەسـەڵاتدارە ستەمكارەكان پەیڕەوی ئەكەن، هەرلە دانانی یاساو تێپەڕانـدنی بودجەو دەستوورو كوشـتنی دەیـان كەس بەبیـانووی جیـاواز و نانبڕینی خەڵك و ترسـاندن و تۆقانـدن و دەركـردن و بەحیزبـی كردنی كۆمەڵ و خـواردنی قـوتی خەڵـك و داگیركردنـی زەوی و پاوانەكان و زۆری تر.

دڵنیام لەم كۆمەڵگەیەدا خەڵك لە دەسـەڵاتدارانی سـتەمكار ئەترسێ و ئەوانیش لەمیللەت ئەترسن، لەنێوان ئەم دوو ترسـە دا بێ متمانەیی زۆر دروست بووە كە ئەنجامەكەی توندووتیژی و پێكهە ڵپژانی لێ بەدی دەكرێت، ئەویش لەدوای ئەو بەڵـێن و پڕۆژانەی خرانە بەردەم دەسەڵات و حسابی بۆ نەكردن.

كاتی لێرەوە كاتی ئەوە هـاتووە بە دەسـەڵات بڵێـین ئەگەر ترســـتان هەیە لەمـــیللەت بە دوورە پەرێـــزی وهەڵـــشاخان چارەسەر نابێت وەرنە مەیدان و قۆڵی كوردانەی لـێ هەڵماڵـن، تا بەو ترسەی هەتانە هۆشیار ببنەوەو خزمەت بەخەڵـك بـكەن بۆ مانەوەتان، ئەگەر نا لەهەردوو جەژنەكە ئەبن....

## تروسکەی هیوا

ئومێــد بــۆ ژیــان وەك ئــاوی بێــگەردی کانی پێــویــستە بــۆ مــرۆڤ ، بــێ هیــوا و ئومێــد مــرۆڤ ئــەبێتــە ئــەو بونــەوەرەی کەنــاتوانێ بیربکاتــەوەو داهێنــان بکــات ، ڕوانــین بــۆ ژیــان و ئایندە لەئومێد و هیواوە سەردەردێنێ ، بۆیەتــا مــردن دەســت لەملی هیوا ئــەکــەم و نیگاکــانم لــەنیگاکــانی لانــادەم و پێــڵوی چــاوەکانم ناتروکێنم ، نەبا لــەو ســاتەدا خــەوی فــەرامۆشــکردن پەلم بگــرێ و لــەو ئومێــدو هیوایــەم دابــبڕێ و دوورم بخاتــەوە، چــونکە بۆ هەنگاوێکیش ئومێد و هیــوا دوور بێ ، پــێ دەچــێ نائومێــدی و بــێ هیــوایی جێــی بگــرێتــەوەو بــبم بــەبــەشــێك لەخــەم و دوور لەئــاگــایی و داهێنان...

# چاوەڕوانی خەون

لەنیوەشەوی دەیجوردا، هەرچاوەڕێم، لەپەنجەرەکەمەوە، بەنیگایەکی مزگێنی بەخش، دڵم بخەیتە ناو ڕاستی ئەو خەونەی خەیاڵاتی شەوانەم وشاد بم ، بەئاوێزان بوونی رۆح و تا بۆ ئەبەد نەمری ببیتە بەشی هەمیشەییم و هەست بەفەنا بوون و دەرچوون نەکەم لەو بەهەشتە پر لەگوڵ و ڕازاوەیەی کەدڵ داوای ئەکات.

من ناچمە ژێر وتەی پوچ و بێ مانای حەفتاو حەوت وەك دەڵێن ، بۆیە بەو ئاویزانەی خەیاڵەم
شادم بکە ، بەجوانی نیگای تاقە حوری ئاسا و بێ هاوتاکەی ژیان و ژینم، دەوەرەوسڵاوی خەندەبەخش بکە میوانی دیدە و سۆما و نیگام پڕ بکە لە ڕوناکی خۆت و لیوان لیوم بکە لەهەستی جوانی عەشقت کەدلنیام تیرنابم لەبینینت ، تا خەو ئەمباتەوەو لەخەوەکەشما ئاویزانی جوانیت ئەبم..

# چاوەڕوانی کات

لـەم گزنگـی بـەیانیـە ، مـن هـەر وەك تاریکـە شـەوەکـەی دوێنـێ شـەو هـەر نیگـەرانـم، خۆشـم نـازانم بـۆچی وام بەسەرهاتووە؟

کەتاریکی شەوداهات من دڵم گوشرا ، وەك ئەو ترێیـەی بـۆ شەراب ئەگوشرێ و لەپاشان توێکڵەکەی تۆپەڵ ئـەکرێ و فـرێ ئەدرێ، من ئەزانم قەدەرێکـی وون و وێڵـی پـڕ چـاوەروانـی ، بەم خەمەی سپاردووم و ئەوەی ئەو پارچە دڵەی منـی گوشـیوە تەنها زەمەنە ، زۆرجـاران کـات ئـەبـووە ئـەو ئـازارەی کۆتـایی نەئەهات و قوڕقوڕاگەمی ئەگرت و هەناسەی لەبـەر ئـەبـڕیم ، هێندە چاوەڕێی هاتنی تیشکی گزنگ بووم ، بەڵکو ئەو خـەمـە ماڵئاوایم لێ بکات ، کەچی کەگزنگیش لەکـەل خـۆی پـەخـش کردو سڵاوی لەپەنجەرەکەشم کرد، بەپـەلـە پـەنجـەرەو دەرگـام واڵا کردو ژوورەکەمم خستەسەر پشت تا ئـەو دڵتـەنگیـەی زۆر ئازاری دام لەگەڵ سڵاوکردن و رۆشـنکردنەوەی ژوورەکـەم ئـەو هەڵ بێت و یەخەی دڵم بەربدات و بۆخـۆم بکـەومـە ژیـانێکی تری بێ خەم و ئازار.

کەچی نازانم بۆچی هەر بەرۆکی جەستەو گیانم بـەرنـادات و نا ڕوات، ناچـار زەمـەن بـەزەمـەن ئـەسـپێرم و چـاوە ڕوانـی

گەرمەی خۆر ئەکەم تا بەو گەرمە زۆرەی کە ، هـەڵـم لـەدەریـا دروست ئەکات، خۆم ئەخەمەبەر خۆرەکەو تا خەمـی دڵـە پـڕ ئازارەکەم بکات بەهەڵم و بیباتە دوورترین شوێنی جـەنگـەڵ و دارستانە چڕەکان و لەوێ فڕێی بداتـە خـوارەوە، ئـەوەش بۆتـە خـەمێکـی تـرم تـۆ بڵێـی بـەر درەختـەبـەرزەکـان بکـەوێـت و لـەجوانیـان بخـات و تووشـی گـەڵاڕێزانیـان بکـات و پاشـان تـا ڕەگەکانیشیان ڕۆ نەچێت ؟

یان تۆ بڵێی نەیکاتە باران و بیبارێنێ بەسەر شارێکی تـردا و ئەوشارە خامۆش بکات ؟

یان تۆبڵێی بەر ئـەو باڵنـدە دەنگخـۆش و خـۆش ئاوازانـەدا بکەوێ و ئەوسا کەس نەبێت خۆشترین ئاوازو چـەهچـەهـە بـۆ سروشت بچڕێ ؟

ئەی تـاوانی ئـەوگیاندارانـە چیـە ؟ کـەلای ئێمـە بـە د ڕنـدە ناسراون، کێ ئەڵێ بەر ئەوان ناکـەوێ ؟خـۆ ئـەوان لای ئێمـە دڕندەن، بەڵام لەچاوی ئـەوانـەوە ئێمـەیـن د ڕنـدە ئـەوە نیـە هەرچی شاخ و بیابان و قوڵی دەریاکانیان هەڵبژاردوە بـۆ ژیـان لەترسی مرۆڤ ؟ جا کەواتە کێ دڕندەیە؟

لەم خەیاڵانەدا هـەر سـەرم ئـەهێنـاو سـەرم ئـەبـرد و بیـرم ئەکردەوە، لەناو ئەم خەیاڵانەدا بـووم ، هـەسـتم بـەئـازارێکی قووڵی ژیان ئەکرد، لەم خەیاڵانـەدا بـووم بـەدەنگێکـی بـەرزو قیژەیەکی ترسێنەر بۆ دەوروبەرم ، هاوارم کرد پڕبەدەم و ووتم : نامەوێ کەسی تر وەك من تووشی ئەم ئازارە بێت با هەر مـن

بیچێژم ، نا هەتاوەکە لاچۆ خەمەکەم مەبە ، ئـاو ڕم دایەوە ، دراوسێکان هەموو لەبەردە رگا بوون گوێم لێ بوو ئەیـان ووت :ئەوە چیە بۆ وا هاوار ئەکات ؟

لەوکاتەدا سەرم هەڵبڕی کەڕوانیم ، نە کاتـە کـەنیـوەرۆیـەو نەهەستم بەو ئازارەی دڵ گوشینەش ئەکرد، وتم خوایەبەخێری بگێڕی ، کـەسـێك هاتـەپـێش و ووتـی خۆتـۆ نـەخـەوتـووی و خەوت نەبینیوە ، تا خوا بەخێری بگێڕێ.

هەتا ئێستاش بیرئەکەمەوە ئەم داڵغەی خەمە قورسەی ئەو زەمــەنــە دیــاری نــەكــراوەی مــن چــی بــوو نــازانم ؟...

# چاوە ڕوانی

دیمەنیکی جوان و سەرسوڕهێنەر، ئاویتەی خەیاڵێکی قوڵی چاوەڕوانی ، نەشئە ئەدات بە جەستەیەکی پڕ لە نیان و ئـارام ، بۆیە جگە لە تاسان و خەیـاڵ و ئەندیـشەی فریـوی ئاسـمانیکی بەرین و فراوان ، دەنکە مرواری دەریا ئەچنێتەوە ، هیچی تـر ئامانجم نیە..

جـا کەچـاوە ڕوانــی بە و گەوهەری جـوانیەم بگەیەنـێ ، ناچار دەستە ووسان ئەبم، بە دەسـتەکانم ئـامیز بـۆ ئەژنۆکـانم ئەگرمەوەو چرکەی ساتەکانی چاوەڕوانی ئەژمێرم تا لەودیمەنە سەرنج ڕاکێشەی ژیان چـاوم نەفـڕێتە ، سـەر هـیچ دیمەنێکـی تر......

## جوانی سروشت

لــەنیگایــەکــی پڕتــەلیــسماوی و ئــاڵۆزی تێکــەڵ بــوونی ڕەنگەکانی سروشت جگە لەسەرسامی و تاسان و ڕامانی هـزرو وێڵ بـوونی ئـەندێـشەی قـووڵی بـێ بـن، هـیچم نـەچنیـەوەو تاڵـەدەزووی ڕوونـاکی ڕۆژ وتـاریکی تارمـایی شـەوو بوونـەدوو گەمەی سەیری سروشت و لە وونی هەرکامێکیان بیرو یادی ئەم هەژێنێ، بۆیەمرۆڤ ناتوانێ لەجوانی سروشت بگات و هەموو تەفسیرەکـانی کـورت و کـەم بینـە و تـای تـەرازووی هـزر ئـەو جوانیەناکێشێ.....

## چۆن دەگەینە کامەرانی ؟

هێلانەی دڵ، ماڵی دەرگای کـراوە ی ئەوینـدارانە تەنهـا بـۆ دڵداراکانیان، دەرگای ژیان کلیلی
راستگۆیی و پاکیە ، کە لای دڵسۆزان و خەمخـۆرانی ژیـانە، کلیل بوونی متمانەو بڕوابوون
و بەردەوامی و تێکۆشـانە، بەردەوامـی خەبـات و ئامـانجی پیـرۆە بـۆ پیـرۆزی نەك خلیـسكان و هەڵـدێران و خۆخـوازی ، هەڵدیران لادانی ڕێچکە و ڕێـگەی ڕاسـتی بـوونی مـرۆڤە بـۆ ئەنگێزە شە ڕەنگێـزە کـانی نەفـس و خۆخزانـدنە بۆئـارەزووی کـاتی ومە ودا کـورت ، ئەی خـودا پمـان پـارێزە لە و نە فـسە شەیتانیەی کە جگە لە برسێتی خـۆی هیچـی تـر نـابینێ ، ئەی خودا مەمـانکە بەو مەخلـوقە دزێـوانەی کە ددانەکانیـان بـووە کەڵبەی دڕنـدە و چاویـان سـوور بـووە وشـاخ لە کەلـلە پـووت وبـێ‌نرخەکانیــان رسواوە، ئەی خوداوەنـد وەك چـۆلەکەیەکی بەستە زمانمان لێ نە کە یت بەدەست ڕاوچیە بـێ ویژدانەکـانی ژیــان، ئەی خوداوەنــد هــێلانەی ڕۆحــمان بەدەســتی بــازە برسیەکانی سەروسامان تێك نەدەیت بە پەلامارو نینۆکی تیژی

پڕ قینیان ، ئەی یەزدانی مەزن دەبێت ئـێمە کـام بـوونەوەری سەرزەوی بین ؟ ئێمە لەکام جەنگەڵـدا گیرسـاوینەتەوە؟دەبێت لە جنــسی فریــشتە بــین یــان مەخلــوقێکی نــامۆی تــرین لەم گەردوونە ؟ ئەگەر دنیات لەبەر گەورەیی مرۆڤ دروست کردوە و بەهات پێ بەخـشیوە ، بـۆ مرۆڤەکـان هەسـت بە گەورەیـی نرخی خۆیان ناکەن ؟ تۆبڵیی ئەو سێوەی باوکە ئادەم خواردی بووبێتە ژەهری تـاڵی ژیـان و وون کردنـی جوانیەکـانی خـۆی ؟ بۆچی مرۆڤەکـان بـوون بە دوژمنـی خۆیـان و مانـا جوانەکـانی ژیان تێـك ئەدەن ؟ هەرچەنـد وێـڵ بـین بەدوای پرسـیارەکان و چــاوە ڕێــی وەڵام بــین، ئەگەیــنە ئەوئەنجــامەی کەخۆشــی وشادی و کـامەرانی مرۆڤەکـان گۆڕیویـانن و کردویـانن بە خەم وشەڕو ململانێ و بەدبەختی ،کەی وازمان هینا لەو شە ڕکردنە لەگەڵ حەقیقەت و پیرۆزیەکان ، ئەوسا ، ئاسما نێکی پاکی بـێ هەورو شەوی پڕئەستێرە و مانگەشەو باوەشمان بۆ دەکاتەوە و خۆشی لە ئامێزمان دەگرێت و ئاوێزانی خەونی خۆش دەبـین و لەگەڵ یەزدان ئاشــت دەبیــنەوە ، ئەوســا ژیــان بــۆ مــردن و مردنیش بۆژیان پڕ دەبـن لە واتـای جـوان و تـابلۆی پـڕ نیگـارو ڕەنگاڵەیی و گوڵ و خونچەی هیوا دەگەشێتەوە بۆ ئەبەدی ....

# جیاوازی من وتۆ

من لەنیگای دووری دیدەت ، وا ڕوخسارم خـەمـاوی دیـارە کـە ئـازیزانم دێنـە بـەرچـاو داد و بێدادیانـە ، لـەو شـیواوی و تاسـاویەی مـن بۆیـە کـەشـكۆڵ و بارگـەی ئـازارم نـاوەتـەسـەر دەروونی ئەوانیش، تۆیەك کەبویتە مایەی خەم و حـەسرەت و ئازار بۆمن و دەوروپـشتم ، چیـت پـێ بڵـێم و کـام نـزا سـیمام داگیربکـات و یـادەوەریـەکـانی تـۆم بیربـەریتـەوە؟ تـا چـاوی چاوەڕوانی و دەسـتی کـراوەم بـۆ ئاسـمان بـەرز بکـەمـەوە بـۆ بەرگرتن لە م ناخۆشی و نائومێد یەی بۆتە سەرچاوەی مەینەتی خۆم و دەورو پشتم ؟

وامەزانە وەك تۆ دڵم بـە بـەرد بـووەو هـە مـوو شـتەکـانی نێوانمان ئەشێوێنێ و دیوارێکی نە دیو ونادیار و بەرز ئەکاتەوە، ئـەو قـەڵایـەی کـەیادگاریـەشـیرینەکـان تـاڵ بکـات و زەمـەنـە زێڕینەکان لـەیادبکـا و خـەنـدە وخۆشـی وزەردەخـە نـە پڕلـە نازوناسکەکانت و تیلەی پڕمـەکـری نیگـات و پـەنجـە گوشـینی دەسـت بـازی و جوانیـە بێهاوتاکـانی ژوان و سرتـە و چرپـە و هەناسە بڕکێی ترس و ڕووانین لەترسی ناحـەزان ، جێژووانمـان پێ چۆڵ بکەن. وامەزانـە ئـەمانـە لـە بیـر ئـەکـەم و عـەشـقت فەرامۆش بکەم.

وەفاو راستگۆیی و پاکیم  ئەبێتە لـە میـەرو ڕێگـر ونـاتوانم دەستەکانم بەرزبکەمە وە  بۆ ئاسمان و نزات لێ بکـەم ،  لـە م خەیاڵانەی خە مم ئەتاسێنێ و ئـەبیتـەوە بـەبـەشـێك لـەمـن و خەونەکانم ، هـەردوو دەسـتم ئـەکـەونـە خـوارەوەوسـەریـشم ئاراستەکەی بەرەو خوار دێتەخـوارو هـیچم پـێ نـاکرێ، چـەنـد خۆم و کەسانی تـر کـەنـزیکن لـەنـاخم ئازاربـدەی ، هـەر وەك تـــــــۆنابم و نەفرەت لە بێوەفایی ئەکەم و پێت ئەڵێم :

چەند خەمساردبی و خەمی گەرم بدەی بەدڵما

یادەکانت زۆرشیرینن و خۆشی دێنن بەسەردڵما

ڕۆژێ هەردێ و پەنجەکانت بەگازی پەشیمانی باش بگەزی و پەشیمانیش  دادت نادا،  ڕۆژێ دێـت وچـاوەکانـت پڕئـەبـن ، لەفرمێسکی  پەشیمانی و نیگاکانت چاوە ڕێی گە ڕانەوەم بیـت و نایەمەوە،  هەرچەند نەیەمەوەو دڵم تەواودوور بێت،  بـەڵام من وەك تۆ نابم و لـەد ڵـە وە خـەم بۆیادگاریـەکـان ئـەخـۆم و ناتوانم جـارێکی تـر، ئـازارە کانـت هـەڵبگـرم و ماڵئاواییـت لـێ ئەکەم دوور لەنەفرەت لێ کردن،  ماڵئـاوا ماڵئـاوا خـەمهـێن بـۆ دڵێکی پڕلەعەشق و وەفا..

# جیهانێکی تر

لـەبـەردەم قـەدەرێکـی نـەویـستراوی دڵ و نـاخم هـەرگیـز ڕاناوەستم بەکەڵبەی تیژی گۆشت و ئێسقانم ونجڕونجڕبکـات ، چاوە ڕێی ڕۆژناکەم هـەڵبێـت و لـەتـاریکی دەربـازم کـات ، تروسـکاییەك و ڕوناکیـەك ئـەخـولقێنم ، خـەوی کونـدەپـە پووەکانی تاریکستان ئـەزڕێـنم و بـانگی ئـەستێرەئـەکـەم بـێن میوانی ئاسمانی دڵم بـن، کـە ڕۆژیـش بـۆوە باوەش بـەخـۆردا ئەکەم تیشکەکانی ئـەکـەم ، بـەدیـاری و ئـەیـدەم لـەیـەخـەی گوڵەبەڕۆژە. کۆترو پاساریەکانیش بانگ ئەکەم بەخۆشترین ئاواز سرودی خۆشنوودی بۆ مەملـەکـەتـی ڕۆحـم بچـڕن و ئیترگـوێم لەدەنگی ناسازی مرۆڤی هەلپەرست نابێت، بانگی ریشۆڵەکـان ئەکەم سەرگوزەشتەی ڕەشپۆشی خۆیانم بۆ تەفسیر بکـەن ، تـا ئـەوان بکـەم بـەشـازادەی خـەم و واز لـەنـازی ڕەنگاڵـە یـی باڵنـدەکـانی تـر بێـنم، ئـەو جیهانـە دێنمـە پـێش و ماڵئـاوایی هـەتاهـەتـایی لـەنـامۆبوون و ئـازاردان و خـەم و مـەینـەتـی و چەوساندنەوە دەکەم.......

## خاڵخاڵۆکەکانی مناڵی و ئێستامان

کە س نـیە لە ئـێمە ، یـان زۆربە مـان ، یادگـاری خاڵخـا
ڵۆکەمان لەیادە ، ئەوسـاتانەی ئەچـوینە دەشـت و دەرو کەژو
کێوو باخچەکان و ناو حەوشەو باخچە بچکۆلەکانی ماڵەکانمان ،
ئەو

ساتانەی ئەو گیانەوەرو باڵندە بچوکەی ڕە نگی پرتەقـاڵی و
خاڵی ڕەش لە سەر پشتی نەخشێنراوە و پێی ئەڵێن خاڵخـاڵۆکە
، لە خەیاڵ وهزری مناڵیـا لامـان ببـوو بەو تەلیـسمەی شـوێنی
جوگرافی ماڵی خاڵمانی پـێ ئەوتـین، ئـێمەش بەوخەیـاڵەی کە
لەگەڵیا بچینە مالی خاڵمان کە ڕۆحـی ئەو لە رۆحـی دایکـمان
نـزیکەو ئـارامیمان ئەداتـێ، سـاتیك ئەمانخـستە سـەرلەپی
دەستمان یان پـشتی دەسـتمان ئەمـان ووت : خاڵخـاڵۆکە مـاڵی
خاڵم لەکوێیە ؟

ئەویش ، پاش کەمێك جوڵە ئەفڕی و بەرز ئەبۆوە ، ئێمەش
بەچـاو لەگە ڵـی ئەرۆیـشتین ، بـزانین بەرەو مـاڵی خاڵۆمـان
ئەروات؟ ئەمە یـــاریەکی زۆر خۆشـــی منـــاڵی بـــوو لەگەڵ

ئەوباڵــداره بچــوكه ئێــسك ســوكه جــوانه ، زۆر له باڵنــدەو گیانەوەرەكان بەدەست مناڵان كۆتایی بەژیانیان ئەهات ، تەنهـا خالخاڵۆكه نەبێت ، كه بەهۆی خۆشەویستی خاڵمانەوه ڕزگاری ئەبوو ئەقڕی ،لەم ساتەدا ئەبێ بچینەوه خەیاڵی مناڵی و بچین بە خاڵخاڵۆكەكان بڵێین : خاڵخـاڵۆكه ، یەكسانی و دادپەروەری ئازادی و ژیانی شەفاف و خۆشنوودی لەكوێیە؟ تا لەگەڵ ڕەوتی جــوڵەی جــوانی باڵەكانتــا ئــێمەش بفــڕین و بچیــنه ئەو مەملەكەتەی كه لەمـاڵی خـاڵمان ئەچێـت وپـڕە له خۆشــی و ئاســودەیی هەمیــشەیی ، بــۆ ژیــانی وەك یەكــی و بەرابەری دوورله چەوسـانەوەی مـرۆڤ وقۆرخكـاری و پاوانكـاری، شـته جوانەكان بۆ چەندكەسێك كه مانا جوانەكـانی ژیـان ناناسـن و دوورن ، له هەستی بەرزی مرۆڤایەتی مرۆڤ .....

## خامە

کەخامەم خستەناو دەستم ، پەنجەکانم بوون بەئاگر، بۆیە بەدوای فێنکی و بەفرا وێڵ بوون ، تا گڕی عەشقی دڵم بە ووشەی ئەوین دامرکینمەوە و نەهێڵم جوانی عەشق ببێت بە کۆڵوو، تا ئە و گڕە بەسانایی و بەهێواشی بەردەوام بێت وجەستەم ببێتە بۆنی بوخوردی عەشق و ڕازی عەشق ، بەدنیا ببەخشێ ودنیا سەرسام بکات.

# خەیاڵ

لەخەیاڵی هیچ وبێ مانای دنیـا ،مـرۆڤ هـیچ نـا چنێـتەوە ، جگـە لـە کـۆمەڵێ یادگـاری تـاڵ وسـەدان بـەسـەرهـاتی نـامۆ، بەوخواست وویستانەی بوونە ئامانجی باڵا بۆدنیابینی مرۆڤ .

لەگەڵ خەونی قوڵی بێ ئاگایی چاولێك ئە نێن وحـەزەکـان ئەبە ینە ژێر گڵ وناوگۆڕی تەنیاو تاریکی ئەبەدیی بۆیە ناچارو بێَ ویستی خۆم، تێڕامانێکی قوڵ، لەوسەرگەردانیە بێ کۆتاییە ئە ڕوانم.

بەلام نامە خۆراکی گورگی برسی و نەهامەتی زەمەن وژیان ، تاوە ك هەڵۆی بەرزەفر ئەچمە بەرزترین لوتکـەو ضـاوەکـانم ئەنوقێنم. ومالئاوایی لەحەزوخەم وخەونەکـان ئـەکـەم وئـەمە داستانێکی لەبیرنەکراوی مێژوو بۆ سەدانی تر...

## خەیاڵی بەهار

زە مەن هەرگیز چاوە ڕوانــی ڕێبوارناکـات و نـاوە سـتێت ، ئەوە ڕێبوارە ئەبێ ووریابێت و لەزەمەن دوانە کە وێـت، ئـەم بەهارە ش وەك بەهارەکانی تر دنیا خۆی ئەکاتە وە بـەبـووك و نیگاکانم پەلکێش ئەکات و خەیـاڵی جـوانی سروشـت ئاویتـە م ئەکات بەجوانیەکەی تۆ، لەگەڵای ڕەنگاڵەیی گوڵەکـان و لـەپـە ڕی کەسکی سێپە ڕە و لەناو بۆنی وەنەوشەو ڕیحانەو نمایـشی جوانی گوڵەباخە تەمەن کورتەکانیشدا تۆ دیاری ، کاتێ سـەرم بەرز ئەکەمەوە لـەتنـۆکی بارانـە کـە دەروانـم ، خـشپەی پێـت تێکەڵ بەدەنگی بارانەکە ئە بێت، دوای تـەواو بـوونی بـاران و دەرکەوتنی خۆربەرەو ڕووی چیاکە ئە ڕوانم، تـابلۆی ڕەنگـاو ڕەنگی پەلکەزێڕینە دیتە بەرچاوم، بەشینەیی و بەووردی لەناو ڕەنگەکاندا ئەتبینم، کەپـەلکـەزێڕینـەکـە ووردە ووردە تـەواو ئەبێت و نامێنێ تۆش وون ئەبیت و خەیاڵم بڕناکات ، هـەسـت ئەکەم بیرەوەری تۆ زۆر لەزەمەن دابیڕیوم ، بۆیە بەهاران ئەبمە مرۆڤێکی خەیاڵاوی و تاساو، لەبیرەوەری ئەوینێکی بێ ئاکام.....

# درەخت

ئەوەندەی بیرم بێت و بیرەوەریەکانم جاربەجار زەنگێك لێ بدەن و بەئاگام بێننەوە، لەهەمویادەکانم دا درەخت بەشێکی زۆر گەورە لە ڕوپێوی زەوی ئەو یادانەم داگیر ئەکات ، بیرمە منالْبووم زۆر حەزم لەسەرکەوتنی درەخت بوو، زۆر جارانیش ئەکەوتمە خوارو ئازارم ئەگەیشت ، بەڵام ئەم ئالودەبونەم لەگەڵ دارو درەخت وای لێ ئەکردم هەربەردەوام بم و گوێ بەو ئازارانە نەدەم، کە لە ڕاکردن و یاریەکان زۆر ماندوو ئەبوم دیسان ئەچومەوە بن دارەکە و کەمیك ئارامم ئەگرت، ئەو سەردە مەی منالی من وەك ئێستا نەبوو نەچاقی لاند و نەپارکێکی جوان و نەئەوەندە یاریش لەبەر دەستا بوو نەئازادیشمان وەك ئیستا هەبوو، نە لەماڵەوە نەلای مامۆستاکانمان ، بۆیە ئەو تۆزە یاریەی ئەمان کرد ، هەر بەچیلکەو داربوو ئەمانکرد بەئۆتۆمبێل و سواری ئەبوین و ڕامان ئەکرد و زۆر جاریش خۆمان ئەکێشا بەهاو ڕێکانمانا و ئەمان وت دەعممان کرد ، زۆرجار زامی ئەو دەعمە چەند ڕۆژێك بەجەستە مانە وە دیار ئەبوو.

بەڵام وەك ئێستا بەدەعـم مـاڵ وێـران نـەئـەبـووین، بۆیـە خۆزگەم بەو دەعمانەی بەئۆتۆمبێلـە چیلکـەکـان ئـەمـان کـرد ، بەس نیە خۆشیەکی پێ ئەگەیاندین و نەش ئـە مـردین ، بـەڵام ئێستا ئازاری مەرگی ئازیزانمان بۆ دێنێ و زامـەکـەشـی سـاڕێـژ نابێ.

لەقوتابخانەش یادگاریەکانم لـەگـەڵ داری دەسـتی مامۆسـتا ئـەوەنـدە زۆرە هـەرتـەواو نـابێ ، بـەڵام جاربـەجـار قـەڵـەمـە دارەکـەی خۆمـان مامۆسـتا ئـەیکـردە نـاو پـەنجـەکانمـان و ئەشکەنجەی ئەیاین، هەر ئەو ئەشکەنجانە بوو ڕایان هێناین خۆ ڕاگربین و لەزوڵم و ستەم نـەترسـین و ببـین بـە م کـورەی ئێستا هەین و بەرگری لـەمـافی خـەلکـانی تـریش بکـەیـن، کـە وتراوە شەرعی مار بەدار، هـەرچـەنـد ئێمـە منـاڵ بـوین بـەڵام ئەکرا شەرعمان نەکرایە ببوینایە بەو مارانەی ناویان ئینـسانە و لەمـار خـراپترن، دوای ئـەوەی گـەورە بـوم زانـیم ژیـانی ئێمـە وابـەسـتەیـە بـەدارو درەخـت و هـەناسـەکانمـان لـە وان وەر ئەگـرین، کـەمنـاڵی سـاواش بـوم هـەر بێـشکەکـەم دار بـوەو کەئەشمرم هەر بەدار تابوت ماڵئاوایی لـەژیـان و دنیـا ئـەکـەم، کەئەچین بۆ سەیرانیش ئەو شوێنەهە ڵ ئەبژێرین کەداری لێیـە کەواتە دار هەموو ژیانەو ناکرێ لـێمان دابڕێـت، ئـەم هـەمـوو یادگاریانە لەگـەڵ دارو درەختـەکـان وای کـردوە خۆشـم بـوێن وەك جوانترین داهێنەری یـەزدان ، کـەئـەڵێـین خوایـە وەتـەن ئاواکەی جوانی دارودرەخت و کانیاوەکانمان بیردێتەوە......

## دیل نەبون

سیمام لێڵ وخەماوی و ئەندێشەی قووڵ ، هاورێ‌و تاسـەی تاسانی مەینەتـی گەل، وون و وێـڵ و دەسـتێکی دیـاری شـێوە نــاحەز دێــت و دڕنــدە ئاسـا بیــنە قاقـای هەناسـەو هـاواری نەگیراوم ئەتاسێنێ بەڵام نـابمە دیلـی، هەناسـەی حە زو ئـاواتم دەبێتە هاوارو ناڵە وزەنگی خۆشنودی، دێـوە زمەی زاڵـم ناچـار ئەکەم کرنۆش بۆ ئەبەدییەتی ڕاستی ببات و ئەو شەوە زەنـگە ئەبێتە ڕۆژی ڕوناك و بەهاری شادی ئەکەمە گەشتی ڕوح بـۆ ئاســودەیی مرۆڤەکــان ونیــشتیمانیکی ئــارام وپــڕ لە جــوانی رەنگاڵەیی سروشت، هەموو رەنگێك گۆرانی ئەڵێ‌جگە لە مارشە ترسناکەکانی شەڕ......

## ڕێزگرتن لەکات

کـات ئەو مـاوەیەی کە چـرکە سـاتەکانی تەمەن تیـا گـوزەر دەکـات ، جـا ئەو زەمەنە بەخۆشـی بێـت یـان ناخۆشـی یـان بەکارکردن بێت یان بە خەو.

کات کە تێـپەڕ بـوو هەرگیـز نـاگەڕێتەوە ، بـۆیە وا بـاش و چاك و گونجاوە مرۆڤ بزانێ کاتەکانی بەچی و چـۆن و لەگەڵ کێ بەرێ دەکات ؟

(ئیبن خەلـدون) بـاس لەکـات دەکـات و بەزێـڕ دەیچـوێنێ، ئەگەر بەباشی و ڕێکی و جوانی بەکار بهێنرێت.

حەزرەتی مەحـوی لەسـەر تێپەربـوونی تەمەنـی خـۆی بەم جۆرە فەرموویەتی :.

**لەناکەس کاریا، خاکم بەسەر، ڕۆیی بەبا عومرم**
**خودا، سابمژێنی تالەبەر قاپی کەسێ دەمرم**
**بە ضایع چو لە(ما لایعنی) یا وەقتم هەمو، یەعنی**
**دەبێ وەختێ لە (بوالوقت)ی بخوازم تاتیابمرم**
**ئەجەل دەورم دەدا حازربە وەعدەی دەورو تەسلیمە**
**منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم**

**خەیاڵی پوچی دنیا وا دە ماغ و دڵمی پێچاوە**
**قیامەت هەر مەگەر رۆژی قیامەت بێتەوە فکرم**

چەند بە جوانی حەزرەتی مەحوی باسی لە کات و بەفیرۆ چونی تەمەن دەکات ، کە مرۆڤ بەخۆی نازانێ کاتەکانی دەڕوات، بۆیە گرنگە بەباشی مامەڵە لەگەڵ کات بکەین وبزانین چۆن بەڕێی دەکەین.

ئەوەی گرنگە لەژیاندا بزانین کاتەکانی تەمەنمان ئەدەین بەکێ و چۆن ئەوکاتانە تێپەڕێن و پەشیمان نەبین لێی ، زۆر جار ووتراوە بە نوح پێغە مبەریان ووت چۆن ژیانت تێپەر بوو کە نۆسە دو پەنجا ساڵ ژیا لەووڵامدا ووتی وەك چوونە ناو خانوویەك وابوو لەدەرگایەکەوە بچیتە ژوورو لەوی تر بچیتە دەر، ئەمە بۆ پە یامبەرو نێردراوێکی یەزدان و بۆکەسێك (٩٥٠) ساڵ ژیابێت ئەم مانایەی هەبێت، ئەبێت بۆ مرۆڤێکی ئاسایی لەم سەردەمە جەنجاڵەی ژیان وپڕ ململانێ و نادادی و حەسرەتی خەم و دەرد و نەگەیشتن بە ئامانجەکان و ئازارو چەوسانەوە و ناڕێکی ، ئەبێت ئەو کاتانەمان چۆن و بەچی و لەگەڵ کێ و بەچ خەمێك بەڕێ بکەین ؟؟؟؟.....

# ڕامان لەجوانی

من لە دەنگی پڕسۆزی باڵندە نامۆکان ئەوەندە سەرسامم ، تا ئەگەمە حاڵەتی بێ ئاگایی، من لە چەهچەهەی بولبولی شەیدا ئەبمە دێوانەیەکی سەوداسەرو گەڕان بەدوای مەعشوقەکەی ، کە نە لەمن دیارە و نە لە ئەویش ، بۆیە چڵ بەچڵ و هەموو ناو گەڵاکان تەی ئەکات تا بزانێت لەکوێ خۆی حەشارداوە و ئەو هەراو دەنگە دەنگەشی بۆئەوەیە ، تا ئەگەر شەرابە دروستکراوەکەی عەشقی خۆیانی نۆش کردبێت و بێ ئاگا بووبێت لەو مە ستیە دەربازی بکات و بیهێنێتەوە سەر درەختی ئەوین ، تا بۆ ئەبەد ئاوازی خۆش و سەمای بەجۆش بۆیەکتر بکەن و دووربن لەو جیهانەی ڕاوچیە فێلبازەکان بەرە و قەفەزی خەم و ئازار ڕاپێچیان ئەکەن و لە جوانی و سیحری سروشت دووریان ئەخەنەوە ، لەو چرکەساتانە ڕادەمینم کە گوڵ و گەڵا و پەپولەکان لەجوانترین سەمادان و خۆشترین سەمفۆنیا بۆ تەمەنی کورتی خۆیان وبۆ ئاسمانە ساف و بێگەردەکەی قووڵی بێ بڕانەوە کە جێگەی ، ئەو هەموو

جوانیـانەی تیـا کۆبـۆتەوە وئەویـش لەبەرخۆنوانـدن و نمایـشی ڕەنگاڵەیی خۆی ، پاش باران بەهۆی تیـشکە زیـوینەکەی خـۆر پەلکە زێڕینەیان پێ ئەبەخشێت و بـانگەوازی جـوانی و سـۆزو میهرەبانی و باوەش کردنەوە بۆ ژیانیـان ئەکـاتە دیـاری ، ئیـتر چۆن منی عاشق و شاعیر ئەو هەموو فانتازیا جوانەی سروشـت لە تێرامانێك و سەمایەکی وورد نەبینم و دڵم
شاگەشکە نەبێت ؟......

## ڕوانین لەژووانی کازیوە

ئێستاش بەئەندێشەی قوڵی بێ بن، لە سەر ترۆپکی شاخ چاوەڕوانی هاتنی کازیوەم ، تانیگای لەگەڵدا ئەگۆڕمەوە و بزانم لەسەر وادە و بەڵێنی خۆی دواناکەوێت ؟ بەڵینی من بۆ ئەو هەواڵ ناردن بوو بە ئەستێرەکاندا تا پەیامی چاوە ڕوانیم بگەیەننە ئەو، کە هات شاگەشکە بێت و ڕێ بە هەوری ڕەش نەدات، ئەلەندو تیشکی جوانی لە دیدارم بتۆرێنێ و ئەو چاوەڕوانیەی ئەوم لێ بکاتە تەونی خە می تەلیسمی بێ ئاکامی و بمخاتە حەسرەتی جودایی و لەو هەزار بەهەزارەی نەهامەتی وێڵم بکات و وەها نیگام وێڵ بێت نەتوانێت ڕێگای ڕاستی ژووان و ئەوین بدۆزمەوە. دڵنیام ئەو چاوەڕوانیە زۆرەی من ،ئەبێتە ئەفسونی ئەفسانەی ناو کتێبان و هەرچی ئەو کتیبانە بخوێنێتەوە توشی ئازاری پڕ لەستەمی چاوەڕوانی ئەبێت تا دیدەی کز ئەبێت و بەردە می خۆشی نابینێت ، لەبەر ئەوە ئەمشەو ئێشکگریم بۆ ئەو دیدارەی کازیوەیە ، منی خستە بێ خەوی و چاوەکانم سوور سوور هەڵگەڕاون و پێڵوەکانم هێندە ماندوون ، بەزۆری هەستی تاساوی دیدەم نیگەرانن و چاوەڕێی بێ ئاگابوونەوەیەکی ئەوانن.

بەڵام هەرگیز ناوێرن چاو لیك بنێن لەبەر هەستی پڕ موحیبەتی دراوسێیەتی و هاو دەردی نێوانیان.......

## ڕووەو خۆر هــــــــەڵات

هەرچەنــدە بــاری گــرژو خەمــی قورســی دەروون و بیــری ئاڵۆزی هزرو خە می دووری بارگرانی شان و تاریکی و تارمـایی دووری ودابــڕان وکــزی دیــدەی ڕۆشــن و نائومێــدی پــڕ یــادی بەســەرهات و حەسرە تــی هەناســە بڕکێــی مانــدوێتی و یــادی تەمەنێکی ناموراد و کەشـکۆڵی حەسرە تـی قورسـی سەرشـان و هەگبەی پڕی خەیاڵ وتاسانی تاسەی کاسەی مۆخ وسەرگەردانی ســەرە ڕێــی هەورازو نــشێوو بــێ گۆچــانی لە ئەژنــۆ کەوتەی، رێگەی کاران بم، هەرگیز نابینی دانیشم و چۆکت بۆ دابدەم و زەمەنم بکەیتە شەوەزەنگ و بەلووە لـووری برسـیت بمـشکێنی من بەردەوام ئەبم و چاوەڕێی رۆژهەڵاتـم تـا بەڕوونـاکی ڕۆژ ملی تۆی تاریکی بشکێنم و سەرزەوی بکەمە فیردەوسی بەرین بۆ هەمووان..

## ڕووەوکازیوە

بەدوای خۆرەوەم، تادەگاتە زەردەپەڕ، پەلکەزیوینیەکانی دڵی خۆی بەزەوی ودوانیگای ماڵئاوایی بەژیان ئەبەخشێت، بەڵام دڵی گوێچکەم خستۆتەبەر چرپەی دەنگی و پێم ئەڵێ چاوەڕوان بە بەیانی لەکازیوەوەدێمەوە بۆلات و گەرمترلەئامێزت ئەگرم، بۆیەچاوەڕوانی من بۆ کازیوە لەئیستای زەردە پەڕەوە دەست پێ ئەکات....

## ڕێزگرتن لە ئازاری دڕك

زۆر جار بیستومانە  ئازاری دڕك ناخۆشـەو بۆچەنـد ڕۆژێـك زامەکەی و ئازارەکەی لەلامان دەمێنێتەوە ،بەڵام نەمان پرسـیوە ئەو دڕکە بۆ ئازارمـان دەدات ؟ بینیوتـانە دڕکێـك خـۆی بێـت و بچێتە  بەشـێکی جەسـتەمانەوە ؟ دیـارە ئـێمە خۆمـان سـنوری جـــوانی دڕك ئەبەزێنـــین و ئەمـــانەوێ ئـــازاری ئەوینـــدارو مەعشوقەکەی بدەین و بیبەین بۆ خۆمان،  ئەویش لەبەر وەفاو ڕاسـتگۆیی و بەڵینـی پـاکی دڵـی تـا ئەوینـدارەکەی ئەنفـال نـە کرێـت و لەبـاوەش و ئـامێزی گەرم و بـۆن خۆشـی دانە بڕێـت بەرگری دەکات،  هەرکەس بچێـت لەدەرگـای دڵـی ئاسـودەییان بدات و بیەوێ دابڕانیان بـۆ بخـولقێنێ،  ئەوەیـە وەفـای دڕك و بێوەفایی و ناپـاکی مـرۆڤ ، بەرامـبەر ئەو عەشـقە،  تـۆبڵێی دڵسۆزی و وەفا ی دڕك نەبـوبێتە پەنـد بـۆ مەمـوزین و لەیـلاو مەجنـون و شـیرین وفەرهـاد ؟ باشـە بـۆچی مـرۆڤ  ئەوەنـدە باسـی عەشـقی ئەم ئەوینـدارانە دەکـات و بە بەوەفـا ناویـان دەهێنێ؟ بەڵام وەفای دڕك بۆ گوڵ باس ناکـات  ؟  تەنهـا لەبەر

ئەوەی لەخۆخوازی مرۆڤە وەیە کە دەیەوێ جـوانی دڵـدارەکەی دڕك ببات و بیفرێنێ ؟یان هەسـت کـردن بە وئـازارەی دڕکە کە عەشقەکەی بیر دەباتەوە ونایەوێ باسی چـاکەو باشـەی شـتێك بکات کە ئازاری داوە ؟هەموو ئەمانە وامـان لـێ دەکەن ڕێـز لە ئـــازاری دڕك بگـــرین وەك چـــۆن بـــۆنی گـــوڵە جـــوان و مەعشوقەکەی دڕکمان پێ خۆشـە، ئەبێـت ئەو ئـازارە و زامەش ڕێز لێبگرین کە دڕکی عاشقی ڕاستەقینە دەمانداتێ ، واهەست بکەیــن خــوێنی پەنجەکانمــان خــوێنی جەرگــی دڕکەکــانن و دەیبەخشن بە دڵدارانیان..........

## زمانی بێدەنگی

ئەوکاتانەی گوێ هەڵئەخەین بۆ پەیڤ و ووتە ، یان تێکستێکی جوان، میهرەبانی باڵ ئەکێشێ بەسەرجەستەمانداو دڵمان لەئامێزی گەوەرەیی دا خۆی بچوکتر ئەکاتەوە ونیگامان وەك باڵندەیەکی چاو لەهێلانەکەی بەئەسپایی رووە ومەنزڵ تەی دەکات ، کێ بێ ئەو هەموو ئەندێشەیەی هە مانە لەئامێزی دەقێکی باڵادا یەکانگیر بکات و ئۆخژنی ئارامی بخاتە ناو تیانوسی نەمریمانەوە و زمانی بێدەنگیمان بێتە گۆو سوپاس بنێرێ بۆ داهێنەرەکەی .....

## سەفەری ماسیەکان

لەو ڕۆژەوەی سەفەری ماسیەکانم لە ڕووباری ڕۆحی تەنیایم دا بینیەوە، لەو سۆما پڕ تەلیسماویەی نیگا خێرایەکنیان وەك کیژە شەرمنێکی سرکی سڵ کردوو، لە ڕاوچیە چاوبزو بێ ئابڕوی پیاوێکی ترسێنەر، کە شەرم و ترس لەوەی گوڵی ناسك و ڕەنگاڵەیی ڕووی بژاکێنێ زوو ڕووی وەرگێڕا ، لەوکاتەوە ئەزانم کیژو ماسی دووانەی دەریای جوانین و مەلەی ژیان و بوون لای ئەوان تەنها ئەوساتانەی خۆشنوودییە کە دوورن لە تیمساح و کەڵبەی تیژی ڕاوچیەکانیان ، هەر لەو سەفەرەی ماسیەکاندا جوانی سەربەیەکدا گرتنی هاوڕێکانیان و بەکۆمەڵ گەشتی ناو دەریا جوانی زیاتری بە دەریاکە ئەبەخشی، کە لەمن نزیك بوونەوە من تەنها نانە ووردە و خۆراکم بۆهەڵدان ، بەلام ئەوان پەرتەوازە بوون و بڵاوەیان لە و سەربەیەکدا گرتنە کرد، ئینجا زانیم ئەوان سڵکردنەوەیان لەترسی کوشتنی مەرگی بەکۆمەڵ و ئەنفالی خۆیان هەبووە بە نارنجۆکی دەستی ڕاوچیە چاو قایم و دڕندەی گیانی ئەو ماسیە سەماکەرانەی بۆساتێکیش

ناسرەون و ئەبنە ڕێبواری دەریاکـان و لە سـەفەریاندا زوو زوو ماڵئاوایی لە یەکتر ئەکەن چونکە ئەبـنە خـۆراکی دڕنـدەکان لە مرۆڤ و گیانەوەرەکانی تر، لەو ڕۆژەوە سەفەرئەکەم بۆ دەریا تـا بە دیـداری ئەو پـۆلە ماسـیە شـاد بـبمەوە و پرسـیاری دوا سەفەرو دوا ڕاوچی و دوا گەشتیان لێ بکەم و لە ئەندێـشەمدا بیخـزێنمە نـاو نوسـینێکەوە و بیبەخـشم بە وانەی ئەیـانەوێ بزانن چۆن ناسکی ئەکوژرێ ودوا سەفەرچیە ؟؟؟

# سـەمفۆنیای دەنگەکـان

وەك چۆن خۆر پاش هەناسە بڕکێی ڕۆژانەی پشویەك ئـەدا و چاوی وەنە وزی لێك ئەنێت و تاسەی خەوێك بـۆ بینینـەوەی ژووانی مەعشوقە دڵبەرەکەی ، بۆیە زۆر بەنەرمی و بـەهێـدی لەدەرگـای کـەلـی ئاسـۆ ئـەدات و بـەپرشـنگەکانی تـەلیـسمی ئاوونگ وشەوخمی تەڕی ماچی جێ ژووانی خەیاڵی شەو ، بـە و دەستە گـەرمانـەی ونیگـا ئاگرینـەی پێـشوازی لـەخـەیاڵـەکـەی دەکات و ئاوێزانی سروشت دەبێت و دەنگی ئـازادی و ڕونـاکی و گەشی ئەبەخشێت و بانگی ڕەوایی عەشق ئـەدات و کۆتـایی بەتاریکی و شاردنەوەی ڕاستی دێنێت، منیش وە ك ئەو خـۆرە ئە مە وێ پـەردە لـەنیگـا نـەهێنیـەکـانی تـۆ لادەم و شـەوخمـی خـەیـاڵی ژووانـی تاریکـت بخـەمـە بـەردەم ڕۆژی ڕوونـاك و هاواری بەرزو دەنگی گمەگمی کۆترەکان تەرجە مە بکە م بـۆ خەڵکی و ناڵە و خـەمـی تاقتاقکـەرەکـان کـەنـامۆیی و هـاوارو خەمساردی ئەگە یـەنـن ، بـەمرۆڤـەکـان و کـەسـیش هاواریـان نابیستێ ، ئەم هەموو نامۆیـە لـەلایـەك بـێ دەنگـی و دووری تۆش لەلایەك ، چۆن ئەم هـەمـوو ئـاوازە دوورانـەو جیاوازانـە بکەم بە سە مفۆنیایەکی جوان و بۆ ژیان نمایشی بکەم ؟؟؟؟

## سلێمانی شای شارانی

یەکەم وشەی کوردی لێرەباڵی گرت و جوانترین باڵندەی ڕەنگاڵەیی لێ هه ڵفڕی لەم شارە بوو، یەکەم نەعرەتەی شۆڕش و گیانبازی بوو بەهێمای ئەسپی شۆڕش و لەم شارەدا حیلاندی ، یەکەم شاربووی حوجرەبکەیتەکەشتیەکەی نوح وسەدان خەڵك لە نوقمی جەهل ڕزگاریان بێت ، لەم شارەدا دەیان ستەمکار کران بەپەندی زەمەنەونەفرەتیان لێکرا، چەندین دەستی ڕەشی ناحەز ویستیان تۆ بخەنەپەراوێزو لەپێشەنگیت بخەن ، بەڵام لوتی خۆیان شۆڕکرد ، سوجدەیان بۆ باڵات برد، تۆ کەتووڕەبووی وەك ڕەشەباکەی خۆت وەهای گەردو تۆزی ڕقت بێگەردترت ئەکات، تۆ کەئامێزت ئەکەیتەوە لەهەموودایکێك میهرەبانتری ، مێژووی تۆ بەو ماوەکورتە زۆر مەزن و گەورەیە ، تۆیەك پیرەمێردێکت پەروەردەکرد کەیەکەم داستان و یەکەم ڕۆژنامەو یەکەم چاپخانەو یەکەم پەندی مێژوو تاقە جەژنی نەورۆزت خستە سەرمەڵۆی بیری و کردتە دیاری بۆ هەمووکورد، تۆدەیان نالی و سالم و کوردی و کامەران و کاکەی فەلاح و مەحوی و دیلان وشێرکۆبێکەس و ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و ئیبراهیم ئەحمەد و....... سەدانی ترت پێشکەشی نەتەوەی کورد کرد ، سلێمانی شا شارەکەم یادت پیرۆز و مەزن، تۆ زۆرت بۆ کردوین بەڵام ئێمەبێ وەفا بووین بۆت وهیچمان بۆ نەکردوی ، بمان بەخشە شاری جوانی وشاری هەڵمەت و قوربانی، بمانبەخشە سلێمانی......

شارەکەم سلێمانی ئەی شارەکەم هـیچ هێزێـك نیـە بتـوانێ، وورەو ئازایەتی و نەبەردی و پێشرەویت لێ زەوت بکات، شـای شاران سلێمانی ئـەوەی بیـەوێ برسـیت بکـات و دەنگـی ئـازاو ئازادت بنوسێنێ و هانـا بـۆ رقـی نامـەردانـەی خـۆی بـەرێ تـۆ بەنرکەو زریان و توورەبوون و گڤەی رەشەبای مەردایەتیت رای ئەماڵی و ملی وا ئـەشـکێنی نـەکـەوێتـەوەسـەر پێکـانی، ئـەی شارەکەم رۆحی تۆ پرەلەرۆحی پر لەنووری مەولاناو شێخ مارفی نـۆدێ و شـێخی نـەمرو پیـرەمێـردەنـەمرەکـەی مێـژووت، تـۆ خاوەنی شێرکۆبێکەسێکی کەزایەلەی دەنگی لـەهـەمووکوچـەو کۆڵان و شەقام و هەموویبرەوەریەکـانی شـاردان و کـەسـەیـری مێژووت ئەکەین فایەق بێکەس و عەولە سـیس و رەشـۆڵەکـەی شار، بەرامبەر سـوپای داگیرکـەران سـەرایـان کـردوە بـەدەنگـی نەعرەتەی شێرانی شارو لەناو دوکانە بچوکـەکـەی نـەجمـەدیـن مەلا کەشتی نوح دروست کراو بەرەو شاخە بـەرزەکـانی گمـۆو جودی و پیرەمەگروون و سارا ئـەڕوات و نـەتـەوەیـەك ڕزگـار ئـەکـات و لافـاوی ڕەش هـەر ئـەوانـە ئـەخنکێنـێ کـەدژ بەئاراستەی شەپۆلەکان مەلە ئـەکـەن ، دڵنیـام شـارەکـەم وەك هەمیشە زەنگی ئـازادی لێـرەوە لـێ ئـەدرێ و ناحـەزان ئـەبنـە پاسەوانی مەرگی خۆیان دڵنیام بۆ هەموو زەمـەنـەکـانی مێـژوو ئەو ڕووداوە دووبارە ئەبێتەوە، بۆیە ، هەمیشە فیداو قوربانی ناوت بم شارەکەم سلێمانی....

## شارەکەم شای شارانی

ئەو ڕۆژەی لیت دووربم ، تـەمیکـی ڕەشـی دوکـەڵ ئاسـا دێتـەبـەر سـۆمام و گلێنـەم تاریـك ئـەکـات ، ئـەو ڕۆژەی تۆخەمباری من ئەبمە مامەخەمەی خەمانی تۆ ، ئەو رۆژەی تـۆ نرکاندت چی ناحەزو دوژمن هەیە ئـەبـن بـەو دەعبا بچوکـەی خۆیـان ئـەکـەن بـەکونـەمـشکا ولایـان ئـەبێتـە قـەیـسەری ، سەیوانەکەت شاهێدی عالەمە ، چ کاسـەسـەرێکـی پڕلـەمیهـرو سـۆزو وەفـا بۆتـە ئینجانـەی ئـەو دارو گوڵانـەت ، دار ئەرخـەوانـەکـان باسـی بـۆن و بـەرامـەی رەسـەنـی و ئـازایی و قوربانیـدانی تـۆ ئـەکـەن ئـەی سلێمانی ، ئـەزانـم عـەیامێکـە تووڕەی لەوانەی لەمـەملـەکـەتـی تـرەوە هـاتون و ئـەیانـەوێ بەدڵی پڕقینی ئەوان بی ، تۆش بەو ڕەشەبایەت تووڕە بـونی خۆتیان نیشان ئەدەیت و نەفرەتیان لێ ئەکەی ، تـۆ هـەمیـشە زیندووی چونکە دڵی بێکەس و پیرەمێردت لەنـاو دڵدایـە ، تـۆ بیکەسەکانی خۆت فێرکرد لەبەردەم دوژمنـدا چـۆك دانـەدەن ، پیرەمێردەکـانی خـۆت فێرکـرد نـەورۆزو نیـشتمان و بـەهاریـان خۆش بوێت و پەندەکانیان فێری نـەوەکـان بکـەن ، تـۆ رۆحـی مەولاناخالیدومەحوی و شێخ مارفی نۆدێت لـەگـەڵـەو ڕۆژانـە بەسەر ئاسمانەکەتدا ئەسوڕێنەوە، تـۆ...... تـۆ........ شـارەکـەم سلێمانی....

## شنەیەك لە رۆحەوە بۆ دایکم

نازانم و ناتوانم و نـابینم ، هـیچ ووشـەیەك هـیچ پەیامێـك وهیچ هەسـتێك و هـیچ ڕێزێـك و هـیچ گەورەیـیەك و هەمـوو هەسارەکان وگەردوون بگاتە سـۆزێك و وەفـایەك و دڵـسۆزیەك بۆ دایك، بۆ یە لەکاتی نووسینی ئەم بابەتە ڕۆحم باڵ ئەگرێـت وئەفرێـت ، بـۆ ئاسـمانێکی بەریـن و بـۆ بیابـانێکی فـراوان ، ئەوباڵندە بچوکەی ڕۆحم وێڵە بـۆ گەیانـدنی پەیامێـك یـۆ تـۆی مەزن وبۆتۆی میهرەبان و بۆ تۆی ماندوونەناسی ڕێگەی دووری پڕچاوەڕوانی ، تۆ بۆ ئایندەی ئێمەو بۆ تەندروستی ئـێمە و بـۆ دڵەکوتەی هەمیشەییت دایە گیان ، ئەو تۆزە سۆزەی کە هەمە بۆ نیشتمان و گەل و خەڵـك لە شـیری مەمکەکانـت وەرم گـرت دایە گیان ، ئەو تەندروسـتی و لەش سـاغیەم دەرمـانی دوعـاو نزاکـانی تۆبـوو لە پەروەردگـاری مەزن ، ئەو وەفـاو ئەمەك و خۆشەویـــستیەم لەتۆفێربـــووم دایەگیـــان ، ئەوڕێـــگەیەی کە هەڵمبژاردوە لەژیانم تۆ بۆت دیاری کـردوم ، تـۆفێرت کـردم لە ووتنی ڕاستی سڵ نەکەم و باجی ووتنی ڕاستی بدەم هەرچەنـد قورس و گران بێت ، تۆفێرت کردم ئـازابم و بـوێرانە ڕاسـتیەکان وەك خۆی بگەیەنم، هەرتۆش بووی فێرت کـردم کە قەنـاعەتم بەکەمی خۆم هەبێت و چاوم لە دەست وگیرفان و ماڵی کەسی تـر نەبێـت ، خۆشـم بە پـارەو سـامان نەفرۆشـم و کەسـێتیم نەخەمە بەرنەشتەری ڕق لێبوونەوەو دامـاڵینی ڕێـز بـۆ خـۆم و کەسێتیم و ڕابردوو و ئیـستا و ئاینـدەم ، تۆبـووی فێـرت کـردم

پشوو درێژبم و لە ڕێگەی خەباتی ژیان کۆڵنەدەربم ، ئاراستەی پەروەردەت کــردم کە لەبەر ئەوکەســانەدا نەچەمــێمەوە ، کە لووتیان بەرزەو دەستی ڕێزدرێژناکەن و چاوی حـورمەت ونیگـا ناخەنە سەرچاوم ، بۆیە و ناتوانم سەری کڕنـۆش بـردن لەپـاش یەزدان بۆکەس نەبەم ، ناتوانم سەرم دانەنەوێنم بۆ ماچ کردنـی دەســتەکانت و ڕۆژی ســەدجار خــۆم نەکەم بە قوربانــت دایە گیان ، کە تۆ ئازارێك بکەوێتە جەستە ت من بێ ئـارامم ، چـۆن تۆ لەمناڵیما ئۆقرەت لەبەر ئەبڕا کە هەستت بە ئازارم ئەکـرد و شـەونخونیت بـۆ ئەکـردم دایە گیـان ، هەزار سـڵاو و درود بـۆ ئەودایکانەی وەك تۆن و نمـونەی ژیـانی جـوان ئەخـولقێنن بـۆ نەتەوە ، لێرەوە دەسـت ئەکەمە ملـی هیواکـان کە ئێـوەی ژن وەك ئاوی ڕوون فێنکی ئەبەخشن بە دڵی بەبەرد بـووی مـرۆفە کانی تریش بەڵام ئەوان هیچ لە ئێوەوە فێرنەبوون ، خاڵی بوون لەو هەســت و ســۆزو جــوانی و ئــارامیەی دایــك کە پێــی بەخشین.....

## غەم هاوریی هەمیشەییم

من وغەم وەها ئاوێزانی یەکتر بوین ، تەنها هێزی مەرگ ئەتوانێ لەیەکمان جیا بکاتەوە ، بۆیە زوو زوو بانگی ئەکەم ، بە ئەسپایی بە گوێیدا ئە چرپێنم و ئەڵێم دەوەرە ئازیزم فریام کەوە ، ڕزگارم کە لەم ئاوەڵە هەمیشەییم....

## ژیاندۆستی گەریلا

مرۆڤ بونەوەرێکی هۆشمەندو کۆمەڵایەتی یە، بەبیرو هۆشی توانیوێتی بەسەر سروشتدا زاڵ بێت و دەستەمۆی بکات و بیکاتە شوینگەی ئارامی ژیان و خۆشی و ڕووبە ڕووبونەوەی دژەکانی ، بەڵام بەپێی هەلومەرج و کات و شوێن و بەرژەوەندیەکانی پاش ململانێ لەگەڵ سروشت و زیندەوەرەکانی ترو پاوان کردنی زەوی بۆخۆی و دەرکردنی گیانەوەرەکان بۆ دوورترین شوین و سەخت ترین و بەرزترین شاخەکان و قوڵایی دەریاکان ، ئینجا کەوتەململانێ لەگەڵ مرۆڤەکانی وەك خۆی و بەپێی ویست و داواو بەرژەوەندیەکانی خۆی بۆ کوشتنی مرۆڤەکانی تر قورستترین چەك و ئامێری شەڕو قڕۆکەی دروست کرد، تا زۆرترین و بەرینترین زەوی و سامانی کەسەکانی تر و دەوڵەتان و میللەتانی تر بۆ خۆی بەرێت ، بۆیە گەورەترین بەربەست لەبەردەم مرۆڤەکاندا تەنها مرۆڤەکان خۆیانن ، سەدان و

هــەزاران شــەڕی گــەورەو بچــوك و داگیرکــاری لــەمیــژوودا ڕوویانداوەو بەملیۆنان کەس بەهیچ و خۆڕایی بوونە قوربانی، پاش ئەوهەموو جەنگ و نەهامەتیانە مرۆڤ پێویستی بەئـاژەڵ و زیندەوەرەکاتی ترە ، شـۆڕشـگێڕان لـەبـەر هـەسـت کـردن بـەئـازارو ژانـی چـەوسـاندنەوە هانـا ئـەبـەن بـۆ خۆپاراسـتن و دوورکەوتنەوە لەئازاردانی ئەوانی تری مرۆڤ و گیانەوەرانیش ، ئەوەی بۆتە جوانترین مـارش و دیمـەن لای خـەڵکـانی جیهـان ، دۆستایەتی گەریـلاو ئـاژەڵـە کێویـەکانـە، ئـەبینـین چـۆن لـەم هەرێمەدا ڕاویان ئەکەن و بـەدەیانیـان ئـەکـوژن بـۆ ژەمێکـی چەوری سەر مێزەکانیان ، بەڵام بەپێچەوانەوە چۆن گەریلاکـان یاریان لەگەڵ ئەکەن و بەباڵایاندا هەڵ ئەزنێن ، لێرەوە جـوانی ئەبینین لـەچـاوی گـەریـلاوە ، لێـرەوە ژیـانی دوور لـەسـتەم و ئازارو چەوسانەوە ئەبێتە گەورەترین مارش بۆ ژیان و ژینگە...

## گەشت لەگەڵ بەفر

ئەم ئیوارە یە لەسەیرکردنی کلوە بەفرەکان ، هزرم چوو بۆ کۆڵانە فراوانەکانی ئاسمان و گەمەم لەگەڵ ئەستێرەدا ئەکرد ، دنیای ئەوێم تەی کردو تێر لەسیحرو جوانی و پاکی ئەو مەملەکەتە ڕامام و لەو گەشتەمدا تنۆکە ئاوێکی بەفر ئاوێزان ، نیگای خەیاڵمی تاساندو لەکۆڵانەکەی خۆمان ولەبەردەم دەرگاکە فرێی دام و تێکەڵ بومەوە بەخەیاڵی پڕ دڕۆی سەر زەوی و لێوان لێو لەخەم و تاسان و هەناسە بڕکێی حەسرەت و برسێتی لەهەموو شت و خاڵی بوون لەپیرۆزی قەناعەت ، بۆیە ناچار بوم بەوقەدەرە ڕازی بم و چاوم سڕی وتۆزێ گلەییم لەو تنۆکە ئاوەکرد ، کەخەیاڵە خۆشەکەمی تێك داو ئەو گەشتە کورتەی لێ شێواندم وفڕێی دامەوە سەر زەوی بەدبەختی........

# گەڵای پاییز

سەرسامیم بەگەڵا زەردەکانی پاییز وای کردووە نەتوانم پێناسەیەکی وای بۆبکەم دڵم ئاوبخواتەوە ، ئەوان لەڕەنگا ئەوەندە جوانن خۆیان وەك خشڵی پاك و بێگەردو بەبەها ئەڕازێننەوە ، ئەوان ماناکانی ژیان لەنەمان و ڕۆیشتن و سەفەرێکی ئەبەدی بێ ماڵئاوایی لەدرەختەکاندا ئەبینن ، ئەوان بەهاژەوسرمەو لورەی ترسناکی با ، قەلس نین و لەگەل ئەو سەفەرە نادیارەشدا نامۆنابن ، ئەوان تەمەنی جوانی ئەبەخشن بەدرەختەکان و پەشیمانیش نابنەوە ، جا گەڵازەردەکان ئاوابن ، چۆن لەمیحرابی پاییزدا ڕۆژانە تێر نیگای وێنەگرێك ناخەنە ئەلبوومی لەیاد نەچوونەوە؟ ئەوان ئەواندەعاشق بن چۆن دەیان داستان نایان خاتە ناودێڕەکانیانەوە؟ ئیتر چۆن خولیاو سەرسامی گەڵای زەردی تەمەن بەخش ، نامباتە ناو تاسانی هەمیشەیی ؟....

## گەمە لە گەڵ کۆترەکان

ببورن هاورێکانی منالّیم ئەی کۆترە ڕەنگاڵەکانی شێوە باخچەکانی ناوماڵە خوا پێداوەکان ، ئەو باخچانە تەنها لەڕەنگەکانیان لەئێوە ئەچون ئەوان وەك خاوەنەکانیان چانسیان هەبوو زۆر نازدار بون و بەردەوام خزمەت ئەکران ، بەڵام ئێمەی منالّ زۆرمان خۆشەویستن و نەمان ئەزانی چۆن یاریتان لەگەڵا بکەین ، وامان ئەزانی بەو بەردانەی تێتان ئەگرین لێمان نزیك ئەبنەوەو ئێوەش یاریمان لەگەڵ ئەکەن ، بۆیە کەبەردەکەمان ئەهاویشت ئێوە ئە فڕ ین و ئێمەش دواتان ئەکەوتین جاربەجاریش بەردەکەمان ئەبووە هۆی کەوتنە خوارەوەتان ، بەڵام تا ئێمە ئەگەیشتینە لاتان لەدوورەوە سەیرمان ئەکردهەڵ ئەبەزینەوە وامان ئەزانی یاریەکە دەستی پێکردوە لەگەڵمان ، کەئەهاتین بۆلاتان ئەفسوس لاشەیەکی بێگیان و بێ جوڵە ئەکەوتە بەردەستمان، ئێمەش ماوەیەك هەڵمان ئەگرتن و لەگەڵ خۆمان ئەمان بردن تا ئەگەیشتینە ماڵەوە لەوێ دایکمان تووڕە ئەبوو کەئەو بەستەزمانەتان بۆ کوشتووە؟ ئێمەش دەستمان ئەکرد بەگریان ئەمان ووت دایە بەخواویستمان یاریمان لەگەڵ بکات کەچی مرد.

لەوساوە نازانم چۆن ڕۆحم لەگەڵ ئەو نەرم و نیانی و جوانیەی کۆتر ئاشت بکەمەوە ، بۆیە جارجارێ ئەچمە ژێر پردەکەی شارو دووراو دوور سەرنج لەکۆترەکان ئەدەم و داوای گەردن ئازادیان لی ئەکەم ، بەڵا م ئەوان هەربێدەنگن و ئاشت نابنەوە لەڕوحە سادەییەکەی منالیم..

# کڵاوکورەکانی نیشتمان

هەرکەس چوبێتە دەشت و دەر و سەیران ، لەو شاخ و سەربەرد و سەرلقی درەخت ودارەکان ، گوێی ئاشنا ئەبیت بەزۆر دەنگی خۆش و هەست جوڵێن و پرخرۆش، هەستمان ئاراستە ئەکات بەرەو لای خۆی و پەلکێشمان دەکات و سەرنجمان لەجوڵە جوانەکانی سروشت لا دەبات و نیگامان ئەگوازێتەوە بۆ جوڵە جوان و لارو لەنجە بێ وێنەکانی خۆی ، ئەو باڵندە بچووکە لەپاساری دەچێت بەڵام ئەو سەری کڵا وێکی توکنی بەرزی لەسەرەو بەناوی ئەو کڵاوە ناونراوەو پێی دەڵێن (کڵاو کورە) ئەو باڵندە بچووکە کەهەست ئەکات بەرەو ڕووی ئەچیت ئەو هەڵوێستەیەك ئەکات و خۆی نەوی ئەکات ، وەك ئەوەی بیەوێ تۆ نەیبینی یان خۆی لەپلاری مرۆڤ بپارێزێت ، دەنگ و نەغمەی ئەم کڵاو کورە هێندە سازگارو دڵفرێن و ئارامە ئەمانباتە ئەو پەڕی دڵنیایی و جوانی و ئارامی سروشتی بێگەردی ناخە پاکەکان و دوورکەوتنەوە لەجەنجاڵی و نائارامی و شپرزەیی دنیا ، هۆ باڵندە جوانەکەی سروشت و خۆش خوانەکەی نیشتمان وەرەو پەلی ڕۆحمان بگرەو لەم ئاشووبە دەری بێنەو مەترسەو خۆت نەوی مەکەو لەسەر چڵی درەختی شانمان بنیشەوەو بەئازادی ڕازی دڵت دەربرەو بەئاوازو نەغمەت لەم هەراسانیە ڕزگارمان بکەو بەو بەهەشتەی لەناختا ئاوازی بۆئەچڕی شادمان بکە....

# گـوڵ ناسکی و جوانی وون ناکات

زۆرجاروتراوە ناسکی بەرگەی ئازار ناگرێ ، بەوورد بوونـەوە لەوناسکیانەی دەوروبەرو ژیان ئەم ووتەیە پێچەوانە ئەبێتـەوە، خۆ گوڵ لەناو دڕك گەورە ئـەبیـت و لارو لـەنجـەکـەی ئـەبیتـە سەمای درەختەکەو دڕکەکە ئەوەندە عاشـقی جوانیـەکـەیـەتـی ئەیپارێزێ ، بۆیە هـەمووسـان ئـازاری دڕکـمان بینیـوە کـەبۆتـە پارێزەری ئەو گوڵەی دەمان ویست لەچڵی خۆی دابیبڕین ، لای مرۆڤە بێ ئاگاکان لۆمەی دڕك ئەکەن کە ئازارمان ئـەدات ، لای من ئەو ئازارە هەڵوێستە کردن و بـەرگـری کردنـە لـەعـەشـق و ئەوین و جوانی بۆگوڵەکەی کەبۆتە پارێزەری ، ئەو گوڵـە ، زۆر جـاران بـەدەم بـاوە لـەهاوڕێکـانی دابڕێـت و ئـەکـەوێتـە دەم قەدەرێکی وون و نادیار بـەڵام ئـەو نایـەوێ بایـەخ و جـوانی و ناسکی خۆی لەکەدار بکات ، ئـەگـەر لـەسـەر بـەردێکـی ڕەق بکەوێت هەر ئەڕوێت و جوانی و ڕەنـگ و بـۆو ناسـکی خـۆی نمایش ئەکات و پاشان لەگەڵ تێپەڕ بـوونی زەمـەن وودە ووردە کۆتایی بەژیانی دێت ، بەلام ،زۆرمرۆڤ وەك ئەو گوڵەیـان پـێ ناکرێ و ماهیەت و بەهای جوانی مرۆڤانەی خۆیان ناگەیەنن و ئـەبنـە کۆیلـەی ویـست و بـەرژەوەنـدی خۆیـان ، خۆزیـا بـەو کەسانەی وەك تۆوی دەم با وان تەنانـەت لـەسـەر بـەردی ڕەق دەڕوێن...

## لەچاوەڕوانی نیگایەکی تر

هەر ئەو ڕۆژە لەیەك نیگای مەستت ، دڵم گوێی لەچرپەت گرت بوو بەنەرمە نیگایەك پێت وتم خولیاو خۆزگەو تامەزرۆییم تۆی ، هەر کەزەردەخەنە ئەبووە وەڵامدەری نیگای چاوانت ، تۆش بەنەرمی و لەشەرما تەنها بەبزەیەك سەرت داخست و رۆیشتی ، ئیتر من هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانم ئەو ڕۆژە بێتەوەو ساتێکی ئاوا شەرم ئامیز بمخاتەوە خەیاڵی ئەو چپە پڕحەزەو ئەمجارە وەك ئەو جارەی تر نابم و چاوو دڵ و هەستم بە گەرمی لەئامێزت ئەگرێت و ئەو تەوقی نامۆیی و دیلی شەرمە ئەشکێنم ، بیرمە ئەو جارە لەگەڵ نیگاکەتدا گوڵێکی سورت بەدەستەوە بوو ئەتبرد بۆ لێوەکانت ، من هێندە شەرمن بووم ، نەمزانی ئەوە جوان لێك بدەمەوە ، کەتۆ ئەتوت ئەم گوڵەی بەدەستی منەوەی حەز ئەکەم بۆنت کەم ، ئەو سەرداخستنەم ، لەو جارەدا وای تۆراندوی کەهەرگیز بۆجاریکی تر بەو نیگا مەستییەی پڕ لەحەزەت لێم نەڕوانی ، منیش بەو خەیاڵەی جارانم و هەر بۆ گەڕانەوەی نیگایەکت وێڵ و چاوەڕێم ، تۆ بلێی ڕوو بدات ؟

## لوتکە

لەخەیاڵی هیج وبێ مانای دنیا مرۆڤ هیچ نا چنێتەوە جگە لەکۆمەڵێ یادگاری تاڵ وسەدان بەسەرهاتی نامۆ بەوخواست وویستانەی بوونە ئامانجی باڵا بۆدنیابینی مرۆڤ ، لەگەڵ خەونی قوڵی بێ ئاکامی جاولیك ئەنێن وحەزەکان ئەبەینە ژێرگڵ و ناو گۆڕی تەنیاوتاریکی ئەبەدی ، بۆیەناچاروبێ ویستی خۆم تێڕامانێکی قووڵ لەوسەرگەردانیە بێ کۆتاییە ئەڕوانم بەڵام نابمەخۆراکی گورگی برسی نەهامەتی و زەمەن وژیان تاوێنەی هەڵۆی بەرزە فڕ ئەچمە بەرزترین لوتکەو جاوەکانم ئەنوقێنم .

ماڵئاوایی لەحەزوخەم وخەونەکان ئەکەم وئەبمە داستانێکی لەبیرنەکراوی مێژوو بۆ سەدانی تر...

## لەچاوەڕوانی باراندا

ئەڵێن (بێ چاوی خۆشترە لەچاوەڕوانی) بەڵام چاوەڕوانی جۆری هەیە ، هەیە لەساڵێکدا تەنها ڕۆژێکە وەك یادی لەدایك بوون و یادی یەکەم ژووان و یادی یەکەم یەکتر ناسین ویادی مەرگی ئازیزان و یادی ڕۆژی بەیەك گەیشتنی دوو عاشق و.... هتد.

ئەمانە هەموو یادن بەڵام چاوەڕوانی من هیچ کام لەمانە نیە ، ڕاستە ئەمانەش زۆریان لەناو ژیانما بوونیان هەیە ، بەڵام ئەوەی باسی ئەکەم لەمانە جودایە، لەساڵێکدا بەهەموو وەرزەکانیەوە ئەوساتانەی باران ئەبارێت من حەزئەکەم بچمە بەر بارانەکەو شەڵاڵ بم وەك ئەودار سنەوبەرەی جوانیەکەی بەباران جوانتر لەچاوانمانا خۆی وێنا ئەکات ، بیرمە ئەوزەمەنەی خوێندکاربووم لەڕێگەی قوتابخانە بارانی بەخوڕ دای کردو منیش ببووم بەو چولەکە بێدەرەتانەی کە توانای فڕینی نەماوە ولەبەر بارانەکە کزۆڵەو مات چاوەڕێی دەرفەتی ڕزگاربوونە ، کە یەزدان بۆی بنێرێ.

لەو ڕێــگەیە ئۆتۆمبێلەکــان بە بــێ بەزەییــانە بەخێرایــی بەتەنیشتما ڕەت ئەبوون و ئاوپرژێنیان ئەکـردم و ئـاوڕیـشیان لێ نەئەدامەوە . لە پڕ دەنگێکی ناسك و نەرم ونیـان تـێکەڵ بە دەنگی بارانەکە لەنزیکمەوە ووتی (بـۆ وا تەڕ بـووی وەرە ژێـر چەترەکەی من) منیش بەشەرمەوە وتـم سـوپاس قەینـاکە ، ئەو زیاتر سووربوو لەســەر قسەی خـۆی منـیش حەزم ئەکـرد بەڵام شەرم ڕێگربوو لە ڕازی بوونم یەکەم جـار، لە ڕێــگە کەوتیـنە قــسەکردن تـا بەتەواوی لەگەڵ یەك کـراینەوە ، کـۆڵانی ئـێمە نـزیکتر بـوو ڕۆیـشتم و ماڵئـاواییم کـرد، بیـرمە وتــی ئەبــێ لەمەودوا هەربە یەکەوە بێنەوە و یەکێکمان چەتربێنین ، بـۆیە من لەو ساتەوە هەرچاوەڕوانی بارانم و ئەمەوێ گیانم شەڵاڵی یادی باران بێت، چونکە پـاش چەنـد جارێـك لە دیـداری بـاران بەیەکەوە زەردەخەنە بێــدەنگە پرهەســتەکانمان گــۆڕیەوە . ڕۆژێك بەدیـواری خوێنـدنگەکەی هـاوڕێـکەی ژووانـی بـارانم لافیـــتەیەك هەڵواسرابـــوو نوسرابـــوو (دڵگـــرانین بەکـــۆچی دوایـــی(.......) خوێنـــدکاری خوێنـــدنگەکەمان بەکارەســـاتی دڵتەزێن).

بەخوێنــدنەوەی ئەو لافیــتەیە گیــانم نــوقمی ئــارەقێکی خەمهــێن هــات و پــاش چەنــد ڕۆژێکــیش خەمبــاری بە ڕوخسارمەوە دیار بوو، بەڵام ئەو چاوەڕوانـیەی بـاران بـۆمن بووە ،پڕیادوپڕخەم پڕ کارەساتترین چاوەڕوانی لەژیانمدا....

# لەگەڵ کۆچی باڵندەکان

ئێـــستا وەرزی کــۆچە ، باڵنـــدەکان هــێلانەی ئاســـوودەیی جێـدەهێڵن و ملـی ڕێگەیەکـی وێـڵ و دوور ئەگـرن ونـازانن لە کوێ بارگەی حەوانەوەی باڵەکانیان ئاوێزانی پشوویەکی کاتی و نەزانراو ئەکەن ، ئەوان بەکۆمەڵ سەفەر ئەکەن و بەکۆمەڵیش بڕیــاری نیـــشتنەوەو حەوانەوە ئەدەن ئەوان لە ڕێـــگە بەبـــێ وەستان پرسە بۆ چەندین هاوڕێیان دائەنـێن ، ئەوهاوڕێیـانەی بەدەســتی ڕەشــی ڕاوچـیە چـاو برسـیەکان ئەکـرێنە نێچیـری ژەمێکیان، لەم وەرزی سەفەری باڵندەو گەڵایـانەی پـاییز منـی دوور لە تـۆی ، بـێ ئاگـا لەو هەسـتانەی کە وەك باڵنـدەکان لە ســـەفەری دووران بـــۆ نیگـــایەك و بـــۆ ژووانێـــك و بـــۆ زەردەخەنەیەکی جارانـت ، وێـنەی باڵنـدەکان منـیش وێڵـم بە دوای ساتێ ئـارامی و هـێلانەی ئەم دڵە پـڕخەم و حەسرەتـیەی وەك مناڵ گڕوی گرتوە و کەس لەمانای گریان و ئازاری تێناگـا ، تـۆ نەبـێ ، کەواتە وەرەوە و بەزمـانە پرسـیحراویەکەی دڵـت زمانی دڵم بدوێنەو ببە بە هێلانەی ئەو مەلە تەریوەی دڵم.......

## متـــــــــــمانه

متمانه بەخشینی هەست و سـۆز و ڕازو پەنهـان و ئاشـكراو ویــستی دڵ و ڕەزامەنــدی هەســتە ، بــۆ كەسـێك تــا ئەوەی ئەبەخـشرێت یـان ئەكـرێتە دیـاری وئەخـرێتە سـەر ئەوكەس و جێگە و لایەنەی هەڵگری پەیامەكەیە ، بـۆیە نـاكرێ ئەو دڵ و هەست و ناخ و مێشك و نەهێنیەی مەبەستێتی بـابەتی دیـاری كراوی پـارێزراو بخـاتە بـۆتەی گـشتی و بەر چـاووو نیگـای زۆر كەس ، بــۆیە حەزو ویــستەكە ئەوەیە كەســی بــاوەڕپێكراو پارێزەری ئەوهەمووشتە بێت ، كە لە یەك بۆتەی نەهێنــی یـان ئاشكرا دانراوە ، ئەویـش مـتمانە بـوون و پاراسـتن و ڕێزگـرتن و بەبەرز بینینــی كەســی بەرامــبەرە ، جـا ئەو مـتمانەیە دەنـگ پێدانێك بێت بۆ پۆست و پلەیەك یان بەخـشینی كـاڵایەك بێـت بۆ دانان بۆ كاتی خۆی یان دەربڕینێك و ڕازیكی دڵ و مێـشك و زمان بێت.

ئایا لەم وولاتەی ئێمە یۆچی متمانە كزو كەم و بووە ؟

ئایـا خۆخـوازی مرۆڤەكـان ئەو ناسـەقامگیریەی دروسـت كــردووە ؟ كە بەرژەوەنــدییە باڵاتایبەتیەكــان بــوونە لــوتكەی هەرەمــی حەزو مرۆڤـایەتی مرۆڤــی خــستۆتە ژێــر چەنــدین

پرسـیار؟ یـان تێنەگەیـشتنمان لەجـوانی و ڕاسـتی و دروسـتی متمانە وای کردووە ڕۆژ بەڕۆژ متمانە کەم ببێتەوە ؟.

بەهەر بوارێکـدا خوێنـدنەوەی بـۆ بکەیـن ئەگەیـنە ئەو راستیەی ، کە کزبوونی متمانە مەترسیەکی گەورە بۆ دەروونـی تـاك دروسـت ئەکـات هەر لە بەتـاڵ کـردنەوەی خەمەکـان بە دەربڕین بۆکەسانی تر تا دەگـاتە مـتمانە نەبـوون بەو کەسـەی خۆی دەپاڵێوێ بۆ پۆست و پلەیەك ئەگەر ئەو کارە خـزمەتیش بێت بە کەسانێکی زۆر.

بۆیە گرنگە رۆح و هەست و ناخی خۆمان بە ویژدان و وەفا پـاك بکەیـنەوە و مـتمانە دروسـت بکەیـن لە نـاو هزرمـان دا چـونکە ئەگەر کەسـێك مـتمانەی بە کەسـانی تـر نەمـا ئەوە بێگومان متمانەی بەخۆشی نامێنی ، وەك شاعر باس دەکات کە چۆن بێ وەفایی هاتەگۆڕێ وکەس منی بیرنیە بەڵا م من ئێـوەم لەیادەو بەوەفام و متمانەم پێتانە :

**هەرچەندە باوی وەفا نەماوە**

**لەم زەمانەدا بێ شەرتی باوە**

**بەڵام من یادی ئێوە هەرئەکەم**

**هەرشوێنێ خۆش بێ ناوێکتان ئەبەم**

## من و خۆر

بەدوای خۆرەوەم، تادەگاتەزەردەپەڕ، پەلکەزیوینیەکانی دڵی خۆی بەزەوی ودوانیگای ماڵئاوایی بەژیان ئەبەخشێت ، بەڵام دڵی گوێچکەم خستۆتە سەر چرپەی دەنگی و پێم ئەڵێ چاوەڕوان بە ، بەیانی لەکازیوەوە دێمەوە بۆلات و گەرمترلەئامێزت ئەگرم ، بۆیەچاوەڕوانی من بۆ کازیوەلەئیستای زەردەپەڕەوە دەست پێ ئەکات....

# من وگوڵ

لەمنـاڵیما گوڵەکـانم ئەشـکاندنەوە ، کـاتێ کەس دیـارنە ئەبـوو ئەچـوومە ناوگوڵەکـان وبەپێکـانم تەمەنە کورتەکەیـانم کـورت تـر ئەکـردو دیـمەنە رەنگاڵەییەکانیـانم ئەشـێواندو پەڕەکانیـانم ئەژاکانـد. بەهەرجـۆرێ بێـت خـۆم ئەدزیەوە لەو کـارەو خـۆم نەئەکـرد بەخـاوەنی ، کە ئەچـومە دەشـت و باخچەکـانیش ، لاسـکەکانی گوڵەکـانم ئەشـکاند و پەڕەکـانیم یەکە یەکە جیـا ئەکـردەوە و ئەمخـستە دەمـم و پاشـان فـرێم ئەیـان ، زەمەن هـاتوو زەمەن ڕۆی ڕەنگـی گوڵەکـانم زۆر لا جوان وئازیز بوو چونکە لە ڕەنگی پەلـکە زێـڕینە ئەچـوو، کە چەندین جار ڕام ئەکردە سەر بەرزاییەکان ، بـۆ گرتنـی پەلـکە زێڕ ینە ، بە پەلەو هەڵەداوان ، تا بیگـرم و ڕەنگەکـانی بـخەمە ناودەسـتم وهەنـدێ یاریـان لەگەڵ بـکەم ، بەڵام هـیچ جـارێ بەدەسـتم نە ئەهێنـا وبەدڵیـشکاوی ئەگەڕامەوە، پـاش

ماندووبوونێکی زۆر و ڕاکردنێکی چەندجارە بەدوای ڕەنگی پەلکە زێڕینەوە و بێئومێد بوونم بیرم کردەوە ڕەنگی پەلکە زێڕینە لەناو گوڵدا هەیە و من قەدریان ناگرم ، بۆیە ئیتر لە وەوە بوومە هاوڕێی گوڵ و حەزم بە بۆن و رەنگی گوڵ زیاتر بوو، زانیم عاشقان و خۆشەویستە کان لەڕۆژی خۆشەویستیا گوڵ ئەدەن بەیەکتر چونکە هیچ شتێك لەگوڵ جوانترو ناسکتر وپاکتر و بەنرخترنابینن ، بەرامبەر ئازیزانیان ، ئەوەندەی تر گوڵ لام جوانترو پیرۆزتربوو چونکە هێمای عاشقان و مرۆڤە دڵپاکەکانە......

# نـــــــاخ

نــاخی مــرۆڤ دەربــڕی هــۆش و عــەقــڵ وتێڕامــان و بیرکردنەوەو هەستەکانیەتی کەبەرجەستە ئـەبێ بـۆ نـەسـت و شاراوەکانی بیر.

بۆ ئەوەی کردارو گفتارەکانمان ئاوێنەی نـاخمان بـن واباشـە توێکڵی ڕووکەشی بشکێنین و بگـەینـە کـاکڵی نـاخ و ڕاسـتی، بۆیە ئەو تێگەیشتنەی مەحوی بـۆ نـاخ دەکـەینـە قیبلـە نومـای بابەتەکە کەئەڵێ :.

**(سەرکەهۆشێکی نەبێ، من زرکەتاڵم بۆچیە؟**
**دڵ کەجۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆچیە؟**

نـاخی پـاك و دەروونـی ڕوون ، لێـڵ و تـەم نـایگرێ، بـا لەناخمانا خونچەی ڕەنگاڵە و جوان و نەشـمیل چـرۆ بکـات تـا باخچـەکـانی ژیـان ڕازاوە بکـەیـن و کـردارەکـان و گفتـارەکـان ئاوێتەی یەك بین و دووربکەوینەوە لـەڕووکـەش و ڕووپۆشـی پێچەوانەی ناخمان........

##ناڕۆم

نامەوێ کۆچ بکەم و نیشتمانی دڵت خاڵی بکەم لەو عەشقە جوانەی ناخم ، هەرچەند لورە لوری گورگە برسیەکان دنیا هەراسان بکات و بیانەوێ نیشتمانی دڵت جێبێڵم ، خەمی تۆو نیشتمان هەڵئەگرم وئێرەو یادگاریەکان جێناهێڵم .

## نایەمەوە

ئازیزەکەم ، تا ئەم بەختە وەیشومەی ناحەز لەسەنگەری پیلانگێڕیدا بێت ، من نایەمەوە ، تا ئەم گەردو خـۆڵ و تـۆزەی دڵ و ئەم خۆ پەرستیەی مرۆڤ بەرقەرار بێت نایـەمـەوە ، مـن ڕۆحم بەچیا ئەسپێرم ، با بۆخۆی کام ڕەوەزی شـاخ بـەرز بـوو، کـام لوتکـە پـڕ لـەبێگـەردی بـەفـر بـوو، لـەوێ هێلانـەبکـات و ماڵئاوایی لەم ژینگەیە بکات، ڕۆحم ئەفڕێت بۆ سەر قەندیل و ئەبێتە خانەخـوێی گـەریلاکـان و پـاکیزەیـی و بێگـەردی ئـەوان ئەکات بەمارش و خۆشنوودی ئەکات بەپەیامی ژیـان ، دڵنیابـە بۆ ئەوەی ڕۆحم نەکەوێتە کـەمینـی ئامـادەی ناحـەزانـی پـاکی نایەمەوەو نایەمەوە....

## نەبەزین

با ئەوەی ئەیەوێ شنەی فینکی ئـاوی سـازگاری دڵفـڕێن نـە هێڵێت و خەندەی هیوا لەناوببات و گەشتی پـڕبەدڵ بۆئـارامی و خۆشنودی ساتەکان بوە ستێنێ ، بەیەك نیگـای ووردوبیرێکـی قووڵ تێبگا کەچەند کاری بێهودە یەخەی خۆی بگـرێ و ملـی هـوڕی شـۆڕبکات بـۆ وورەومـەردی ملکـەچ بکـات، چونکـە دلنیایە منیکێوی ووره به بیری تەسکت ناڕوخێم وتاوێرەکـانم ، ئەبنە گۆڕیچەی گۆڕت....

## نیگای شار

لەباوەشی سۆزی پڕ ئەندێشەی خەم ڕەوێن و شادی هێنی شـــاری پڕهیـــواو ئومێـــدو شـــیعرو جـــوانی شـــاری ســـلێمانی ، لەشەوێکدا دڵم خۆی ئەکاتە پاسـەوانـی شـارو نیگـای عـەشـقی لەگەڵ ئـەگـۆڕمـەوەو بۆسـاتێکیش سـەرنجـم لـەجـوانی بـاڵای لاناچێت...

## نیگارێکی پڕ ئەندێشە

ئێستاش دوای ئەو هـەمـوو کاتـە پڕکـارەسـات و نـەهـات و خەمانەی بیرم ناچنەوە لەیـادی زەردەخـەنـەو نیگـا مـەسـت و شەرمنە پڕنازەکان و جارجارەی نازی لەنجەو لارو ڕ‌ووانین لـەو بن دارو سەرکانیەی بەرماڵان کەببوە ژوانی چەند هـەفتـەی پـڕ چاوەڕ‌وانی و تامـەزرۆی دیـدارێك ئـەمانـە هـەموویـان بوونـە یادگاری شیرینی جاران و بێنازی وخەمی دووبارە نـەبوونـەوەی ئەمرۆم، لەهەموو ئەو یادانە شیرینتر و لەیاد نـەچـووی ژیـانم کە بەردەوام لـەبـەر چـاوانم ئـەبێتـە پـەیکـەری بـاڵات چونکـە نیگارەکەی تۆ کە منت کێشا بۆتە پـەیکـەری خـۆت وهـەمیـشە لەبەردەمایت و دوور نیت و دانا بڕێیت لەسۆماو دیـدەکـانم ، ئەوە نیە نوکی خامەکەت بانگی چـاوانم ئـەکـات و پـێم ئـەڵـێ هـەرچـەنـد دووربـم هـەر لێـت نـزیکم ، منـیش بـەو ئاواتـەی خامەکەت ، بەنیگایەکی پڕحەسرەت و تامەزرۆو تینوی نیگـات ئەندێشەم ئاراستەی خەونی قوڵی پڕ ئەوینی یادەکانت ئەکـەم و بویتە ئەو پەیکەرەی هەمیـشە لـەبـەردەمـا بونـت هـەیـەو بەیادی جاران ئەتلاوێنم...

## هەموو ڕۆژێك

هەموو رۆژئك لەنیگای دیمەنی جوانی سروشت جوانی تـۆدێتە ناو نیگای وێڵم وبەدوای جوانیتا سروشتی جوان تەی دەکەم .

کـەچـی هـەر نـاتوانم پیـت بگـەم ، لـەگـەل وون بـوونی زەردەپەڕ بەئاگا دێمەوە ، ئەوسا ئەزانم تۆ چەند دووری لەمن و خەونەکانم.....

## هەموو ئێوارانێکی زەردەپەڕ

هەمــوو کــازیوەیەك، کە ئەســپی خەیــاڵم لەبەر دەرگــای ماڵەکەم بەزینکراوی دەحیلکێنێ و بانگم دەکات تا سەرکەوم و بەرەو ئەو شاخ و کێوە بڕۆم ، پـێش ئەوەی ئاوزەنـگ بـدەم و ڕێـگە دوورەکە تەی بـکەم ، لەچـاوی ئەسـپەکەم دەڕوانـم و خەیاڵەکەم دەچێتە سـەر جـوانی ڕەنگـی چاوی ئەسپە شـێ و سەرناکەوم لەبەردەمیا تێر ڕادە مێنم و دنیای خەیـاڵی جـاران ، ئاراستەی سەفەرەکەم دەگـۆڕێ و دەبمە کـاروانێکی وونـی وێـڵ بەدیار ڕەنگی چاوی ئەسپەکەم و سپێنەی چاوی ئاوە پـڕکەف و سـپیە کەی ژووانــم بیــر دەخــاتەوە ، کە جــار جــار بە دەســتە نەشمیلەو سپیەکانی ئـاوی هەڵ ئەدا بـۆ دەم وچـاوم ، لەسـەر کانی ژووان تێر لەنیگا مەستەکانی چاوە ڕەشەکانیم دەڕوانـی و ئەویش بەنازو شەرمی کـچە کـوردانەی خـۆی دەی ووت : ئەوە چیتە شێتە کەم ، ئەڵێی قەت نەتدیوم ؟

ناچار منیش چاوم لە سەرنیگا کانی ئەگواستەوە ، لە پڕمەی ئەسپە کە ، خەیاڵم پچـڕاو سـەرم بەرز کـردەوە ، پـاش کەمێـك

چاوی ئەسپەکە خەیاڵی بردمەوە بۆ زەردی چاوی و وێـنەی ئەو زەردە پەڕەی دوا ئێـوارەی ژووانـم بیـرکەوتەوە ، کە لە ئێـوارە ژوانەکەدا گریـان و خەمبـاری ئەویـندارەکەم هـاتەوە یـاد ، کە نەیتوانی هیچ بلّێ جگە لە فرمێسك و قسەیەکی بەهەنـسك کە ئەویش ئەوە بوو : نامبینیتەوە، ڕاستی کرد، پاش چەند ڕۆژێـك ووتیـان مـاڵی ( ) ڕۆیـشتون بـۆ ئێـران ، لەبەر ئەوەی زۆر هەژاربـوون تـا بچـن بژێـوی ژیـان پەیـدابکەن و لەم خەم وخەفەتی نەبوونیە دەرباز بن ، دوای ئەم هەموو ساڵی دابڕانە ، کەباسی کۆچ و سەفەر ئەکرێ ، دڵـم ئەگـوشرێ ، بەو خەمەی کە بیرناچێتەوە، لەگەڵ بینینی هەموو زەردەپەڕێکی ئێوارەش ، مـن برینـی دابـڕان دڵ و ڕۆحـم ئـاژن ئەکرێـت ، بەبینینـی هەرئەسپ و گوێ بوون لە حیلەکەی ، خەیـاڵم ئەتاسـێ و ئەو ئازارەی مەرگی دابڕانەم دێنێتەوە یاد......

## هەنگاوبەرەو دەنگێکی نادیار

ئەسپی ئەندێشەو خەیاڵ پەلی دڵ و رۆحم دەگرێت وبانگم دەکات و بەدەنگێکی نوساوو نوزە لێبڕاوو ماندووی هـاوارێکی بەرزی وەك دەنگی شوانێکی تەنیا لەکێوێکی چـۆڵ کە تەنیـایی برسـکی لەبەربریبـێ ومەرەکانیـشی هێنـد دوورن ئەو هـاوارە بەفریـاد ڕەس ئەزانـێ وبەخەیـاڵی خـۆی دەنگـی دەبێـتە بە بـا بردنی تەنیایەکەی و خەم ڕەوێن.

لەم تەنیایەی دڵمـدا بـانگێکی ئـاوا مانـدوو نـوزە لەبەربـڕاو خەیاڵم لوول دەدات و کێشم دەکات و دەمبات بەرەو تەنیـایی ترو تاریکایی و شوێنێکی نەدیوو نەزانراو.

ئەم تەنیاییە وادەکات هانا بەرم بـۆ فریـاد رەسـێك کە لای من ئەو دەنگە دوورە یە کە ئاراستەکەی لای من و خەیاڵی مـن و ئەندێشەم نادیارە ، ئەوەندە ئەزانم ئەو دەنگە زۆر بەڕۆحـم ئاشنایە و نامۆ نـیە بـۆیە بەرە وپیـری ئەڕۆم و ناشـزانم لەکـوێ بیـدۆزمەوە ، وا هەردەڕۆم و شــەکەتی ومانــدوێتی خەریــکە هەراسانم دەکات ، بەڵام نابێ چۆك بۆ هیلاکـی و مانـدوێتی و شەکەتی دابـدەم چـونکە ، دانیـشتن و پـشوودان دوام دەخـات

ونوزەی دەنـگە مانـدوە پڕهـاوارەکەم لـێ دوورتـر دەخـاتەوە و زیاتر وونـم دەکـات ، لەگەیـشتن بەم ئـاوات و حەزو خولیـایەم دادەبـڕێئیـستا لەنێـوان دووڕیانێکـدام نـازانم کـام ڕێـگەیە هەڵبژێرم ؟

یـان چـۆك دادان و پـشوودان و نەگەیـشتن بەو دەنـگەی بانگی ڕۆح ودڵم ئەکـات ، یـان وون بـوون و وێـڵ بـوون بەرەو نادیاری و نەدۆزینەوەی خەون و ئەندێشەو ئـاواتە گەورەکـانم کە تەنها لەودەنگە دوورەدایە کە هەرنوزەی ماوەو زۆر دوورە .

ئەبـێ لەم ڕێـگە سـەخت و چـۆڵ و تـاریکە دا تووشـی چ نەهامەتیەك ببم یان تۆبڵێی فریشتەیەك بێت بەهانامەوەو لەم تەنیای و خەم و ترسە ڕزگارم بکـات و بمگەیەنێـتە مەنزڵـی ئەو دەنگەی ڕۆح و دڵم ئاشنا دەکات بە خۆشنوودی ؟؟......

# وێڵ بوون

گێرانەوەی خەیاڵ و شریتی رابردووی منالّیم، هـزرم ئـاوێتە دەکات بۆ زەمەنێکی سادە و ساکاری و دنیای پـاکی وبـێگەردی و جوانی دوور لەپاشقول و کورسی و ملشکاندن ، ئەو دنیایەی پەلکێـشم ئەکـات بـۆ گـورجی و لەش سـوکی و گـوێنەدان بە دانیـــشتن لەسەرکورســـی، کە پـــێچەوانەی خەلکـــی ئیـــستا و گەورەکان زۆر حەزمان لەکورسیەو دڵمان نایە بۆ چرکەیەك لێـی دابڕێین ، تەنانەت شەڕی لەسـەردەکەین تـا هەرهـی خۆمـان بێت ، جا ئەوکورسیە کورسی فەرمانگەیەك بێـت یـان پۆسـتێکی گەورەبێـت وەك وەزیـری و بەڕێـوەبەری گـشتی و کورسـی سـەرۆکی حیـزب و کورسـی سـەرۆکی وولات یـان حکـومەت، ئەوەی هەمووومـــان نـــیگەران دەکـــات ئەوەیە ، لەمناڵیـــا حەزئەکەیـن زووگەورەبـین و لەگەورەییـشمانا بیـری منـاڵیمان ئەکەیـن ، چـونکە هەسـت ئەکەیـن لەدەسـتمان دەرچـووە و نـاگەڕێـتەوە، لەمناڵیمانـا هـیچ شـتێك بەقەت یـاری کـردن و ڕاکردن وسواربوونی چیلکەو دارلەجیاتی ئۆتۆمبێـل خۆشـحاڵی نەدەکـردین، بەڵام لە گەورەییـدا بەئۆتـۆمبیلی تـازەو جـوانیش ڕازی نابین ، تۆبڵێی خۆخـوازی لەناخمانـا ئەوەنـدە زاڵ بێـت، چاومان تێرنەبێت و قەناعەتمان نەبێت ؟

داواکـان ویـست و خواسـتەکانمان بـۆ جیـاوازی تەمەنمـان جیـاوازە ، لەمنـاڵیمان تەنهـا داوا سـادەکانمان ئاواتمـانە ، بەڵام

لەگەورەیمانـدا بەردەوام وێڵـین و ئەگەڕێـین بەدوای زۆرشـتی قـورس وگـران هەنـدێکیان بەدی دێـن وهەندێکیـشیان ئەبـنە خەون ونایەنەدی .

ئەوەی ڕێگـرە لەو ئاواتـانە مـان گەورەکـانن کە خۆمـان بەگەورەیـان ئەزانـین و کردومـانن بەگەورە، ئەوانـیش لەبەر حەزە زۆر هـارو برسـیەکانی خۆیـان نـاهێڵن بـۆن بە گـوڵی سورورەنگاورەنگی ژیان بکەین و تەنها گوڵە لاستیکەکان نیشان ئـێمە ئەدەن و گـوڵە بـۆن خـۆش و رەنگـاڵەییە کـان دەبەن بۆخۆیـان، بـۆیە ئـێمەش لەدەرەوەی ئەو بینـا بەرزو کڵـۆم دراوەین کە گوڵەکانی تیا حەشار دراوە و ناهێڵن

لەدووریشەوە بـۆنە خـۆش و ڕەنـگە جوانەکانیـان هەسـت پێبکەین ، هەر ئەبێ تۆوی ئەو گوڵانەی فـڕێنراون بەدەسـت بخەین و شادبین بەبـۆن و ڕەنگـی گـوڵی ژیـان ، بـۆیە ناچـار دەبێت کۆڵنەدان بکەینە بەرنامەو وێـڵ بـوون و گەڕان بەدوای ئەوئاواتەوە دەمـانگەیەنێتە مەنـزڵ و ویـستگەی دوائـارامی بـۆ گەیـشتن بە بـۆنی گـوڵ وبەدەسـت گەیـشتنی ڕەنـگە جیـاوازە جوانەکان...

## وه فا

هەرلەمناڵیمانەوە دایكمان وباوكمان و پاشان مامۆستاكانمان لەقوتابخانە پێمان دەڵێن سەگ گیانداریێكی بەوەفایە و قەدری خاوەن و كەسانی دەورو بەرو تەنانەت ئەو مێگەلە ش ئەگرێ و ئەیانپارێزێ لە چاوی تەماعكار و ستەكارو زۆردار، كەچی پاش ئەوەی لامان شیرین و جوانكرابوو كە بەمناڵی ئەچوین لەسەگێك نزیك ئەبووینەوە لێمان توورە ئەبوون و ئەیان ووت ئەبێ بە قوڕ دەستت بشۆی چونكە گڵاوە و خوا نەفرەتی لێ كردووە ، ئەوكاتانە ئەمپرسی خواگیان بۆچی نەفرەت لە گیاندرێك ئەكات كە پرە لەوەفاو خۆی جوانترین سیفەتی پێ بەخشیوە ؟ لە دواییدا بۆم دەركەوت تەنها لەبەر ئەوەیە هەندێك لەوسەگانە فایرۆسی هاریان هەڵگرتووە و لەئەنجامی گەستنیان بەمرۆڤ تووشی ئەو فایرۆسە ی دەكات و دەیكوژێت ، لەگەڵ بوونی ئەو سیفەتە جوانەی سەگدا كە وەفایە مرۆڤە كان سڵی لێ ئەكەنەوە تا نەبێتە هۆی مردنیان، خۆزگە مرۆڤی سپڵەو بێ وەفا ئەو فایرۆسە لەناخیا بوایە و لەكاتی نواندنی بێوەفایدا فایرۆسی هاری توشی ببوایەو مەرگ یەخەی بگرتایەو كۆتایی بە بێوەفایی بهاتایە ، هەربۆیە

حەزرەتی نالی ئامۆژگاری عاشقان دەکات و دەڵێ نابێ عاشق بێوەفا بێت، سەیری گوڵ کەن کە دەمی ئەکاتەوە بولبول باڵ ئەگرێ و ئەچێتە لای یان بەمانایەکی تر گوڵ کە بەدەم بای سەباوە پێ ئەکەنێ، بولبول ئەفرێت و گوڵەکە جێدێڵێت کە بێ وەفایی نواندووە.گوڵ بەدەم بادی سەباوە پێکەنی بولبول فڕی یەعنی عاشق لازمە دوور بێ لەیاری بێوەفا تۆبڵێی مرۆڤەکان بۆ نیشتمان و گەل و کەسانی تر وەفایان هەبێت وەك ماسی بۆ ئاوو پەروانە بۆشەمع و شنە بۆ زەریاو خۆر بۆ زەوی و ئەستێرەکان بۆ ئاسمان ؟ئەگەر وایە بۆچی ڕۆژانە و لەجیهاندا بەدەم ڕێگای بێوەفایی سەدان کەس تووشی نەهامەتی دێن و لەکێوی هەزاربەهە زار تل ئەبنەوە ؟ ئەگەر مرۆڤ بەوەفا بوایە بۆچی ئەلبێرت کامۆ داستانەکانی سیزیفی ئەنوسی و ئەو تاوێرە بەردە زلەی ژیان لە خوارەوە بباتە بنارو نزیك لووتکەی

ئومیدو بێ هیوا بەردەکە تل ئەبێتەوەو دیسان دەست ئەکاتەوە بە پاڵنان بۆ سەر شاخەکە ؟خۆزیا وەفا نەئەبووە ناوی جنۆکەو دێو کەهیچ کەس نازانێ لەکوێن و چین من لێرەوە دەمەوێ هەستی وەفای سەگ بچێتە ناخی گشت مرۆڤێکەوە تا هەموومان سروودی وەفا بۆ ژیان و سروشت و مرۆڤایەتی مرۆڤ بلێینەوە ، تا ڕۆژانە وەفا لەچاوی یەکترداببینین و ئاویزانی بین و لەگەڵمانا بژی و هەرگیز نەمرێت......

## یاد

لەنوسینەوەی یادەوەری تۆدا هانا ئەبەم بۆخۆر تیشکەکانیم بۆ والا بکات ، تا لەناویا تۆببینم ، داوا لەشەو ئـەکـەم تـاریکی خـۆی ڕابگریـت تـا لـە بنمیچـی حـەشـارگەی ژوانـدا هـاواری ئۆخژنی جاران و سرتەو ترس وپەلـەی ئـەویـن بگێـڕێتەوە ، تـا بەجوانی لەئامیزی گەرمـی ئـەندیـشەمـدا بیـان خـەویـنم ، داوا لەئـەسـتیرەو مانـگ و ڕۆژ ئـەکـەم ئـەوەی بینیویانـە بیکـەنـە ڕۆمانی سەردەم و جیهانی پێ ئاشنا بکەن...

# ئاوێزان بونی خۆر و خەم

بەیـانی لە گەڵ نەسـیم و دەرکەوتنـی کـازیوە و واڵاکردنـی ئامێزی زەوی بـۆ منـاڵە جـوان و چـاوپڕ لە نـورەکەی خـۆر، تـا دەگـاتە خۆرنــشین و زەردەپەڕ ئەو هەمـوو نیگـاو جــوانی و ئاوێتە بون و بەڵێنی ژوان و لێوان لێوبوون لە عەشق و میهـرو نازکی و حەسرەت و گرمـۆڵە کردنـی خەمەکـان و توڕدانیـان لە شـاخی هەزاربەهەزاری جیهـان بەرەو دۆڵـی نەمـان و ئـاودیو بوون بەرەو زەریای قووڵی بێ بنی کۆتایی و نەبینینـەوە ، مـن لێـرەوە لەگەڵ خـۆر و مانـگ ئـاویزان دەبـم کە ئەوان وێڵـن بە دوای سەرچاوەی ئەو خەمە لەبیر کراوانەو بۆمـان ئەنوسـنەوەو لە بەیانیانـدا جاربەجـارێ بەهـۆی هەورە ڕەشـەکانەوە چەنـد قەترەیەکـی ڕەش لەو خەمانەمـان بیـر دێنـنەوە، شــەوانەش لەگەڵ تــریفەی مانگەشـــەو لەگەڵ تارماییەکــان و بێـــدەنگی شەوەزەنگدا پێمان ئەڵـێن ئەوەی ئێـوە ئەتـانەوێ فرێـی بـدەن هەر لەگەڵتانــدایەو بــۆئەبەدیماڵئاواییتــان لــێ ناکــات ، لە

خوێنــدنەوەی ئەم ســوڕی ژیــانەی گەردون و شــەوو ڕۆژەدا توشــی تاســان و ئــاڵۆزی و ئەندێــشەی قــووڵ بــووم ، چــونکە ئەگەمە ئەو یەقینەی کەژیان و مردن و خەم و خەون و روناکی و شــەوەزەنگ و خــۆرو مانــگ ، ئــالودەی یەکــترن و بــی یەك هەڵناکەن ، ئەمەیە ئاڵۆزی بیـرو هـزر زیـاتر تووشـی وابەسـتە بوونێك ئەکات کە مرۆڤ یان ئەبێ لەم هاوکێشە قورسـەی خەم و مەینەتە تووشی داڕمان و ترس و داهێزران و نائومێدی ببێت ، یان ئەبێ سـیزیف ئاسـا کـۆڵنەدات هەرچەنـد تـاوێرە بەردی قورسی ژیان ماندووهیلاکی بکات تا داهێزران و شـەتەك بـوون بەرەو لـوتکە، لەوێـشەوە دیـسان تـاوێرەبەردی مەینەتـی بەرە تەختـی و پانتـایی تـل بێـتەوەو بێـتەوە خـوار، ئەمە پیـشەی هەمیــشەیی مــرۆڤە ئازاکــانە هەرچەنــد نەگەنە ئامــانج بەڵام مارشــی دەســت بەرنەدان و بەردەوامــی و کــۆڵ نەدان و چــۆك نەدان بـۆ خەم و مەینەتیەکـان تـا ئەو سـاتەی بەرگە نـاگرێ و ئەبێتە بەشێك لە بیرەوەری و یادەوەری ئەوانی تر، ئەو پەند و وانەیەی کازیوەو شەوەزەنگ هەر ئەمە مان فێر ئەکات.....

## ئەوکاتەی ئەبینە مەشخەڵ

مـرۆڤ ئـەو بونـەوەرەیـە کـەهـەمیـشە برسـیە بـەدوای ئەنگێزەکـانی دا جـا مـادی بـن یـان مـەعنـەوی ، هـەنـدێ لـەو ئەنگێزانە زۆر جار وادەکەن سروشتی کەسێتی و بەرزی هەستی مرۆڤانەی ئەو مرۆڤە بخەنە ژێر پرسیارو ئەگەر بـەرەو لادانـی تەواو چوو توشی هەڵـدێران و داڕوخـانی کـەسـێتی ئـەبێتـەوە لەلای کۆمەڵگە بەتایبەت کۆمەڵگـە تـەقلیدیـەکـان و ئـەوانـەی وابەسـتەن بـەکـەلـەپـوری داخـراوو نـەریتـی کـۆن و وابـەسـتە کۆمەڵایەتیەکان ، لـەم کۆمـەلگـەیـەی ئێمـە کـە دابونـەریـت و هۆزو تیرەو ناوچەو خێڵ و عەشرەت بوونی هەیەو پارسـەنگـی تەرازوو بۆ کەسێتی مرۆڤەکان سامان و هێـزو سـەرمایـەیـە کـە خراپترین جۆری پێوەرە لەدنیـادا بـۆ کـەسـێتی ، وەك کامـەران موکری ئەڵێ:.

**لای ئێمەبەرزی هەربەسامانە**
**نەبوونی، سوکی و نزمی و تاوانە**
**کێ دەوڵەمەند بوو ئەڵێن بوو بەپیاو**
**وەکو پیاو نەبن، ئەم هەژارانە..**

ئەوەی ئەبێتە لەمپەر و ڕێگر بۆ پێـوەرو هـەڵسەنگانـدنی باش سیستەمی سیاسی و کـارگێڕی و یاسـاییە لـەو ژینگـەیـەی ئەو شێوازە ناڕێکە بەرقەرارە.

دوای (٢٥)ساڵ لەئازادی وڕزگاری ژێرستەمـی بـەعـس چـی کراوە بۆ دروست کردنی تاکی ئازاو بوێرو رەخنەگرو بەهێز ؟

وەڵامەکەی زۆر ساناو سادەو ئاسانە، کەبڵێین (هیچ).

هیچیش لەخۆراناوترا تا شوێنێك و دەفرێك و قاپێکت نەبـێ و بــەروونـــی وبـــەرچــاوی بـــەتـــاڵ و خـــاڵی بێـــت لەمادەبەرجەستەکراوەکان جگەلەهـەوای نـەبیـنراو کـەهـەمـوو بۆشاییەکی پرکردۆتەوە.

لەم بیردۆزەوەسەیری کەسێتی مرۆڤی کورد و دەسەڵاتەکەی و سیستەمە سیاسەکەی و کارگێریەکەی بکەی مایەی پێوانەمـان (هیچ) ئەبێت.

بۆ دەرچوون لەهیچ و پرکردنی دەفری مەبەسـتی بونیاتنـان پێویستە جارێ هۆکارو فاکتەر بدۆزینەوەو ئینجا دانانی پـلان و بەرنامەو نەخشەی گونجاوی زانستی بۆ دەربـاز بـوون لـەم بـێ مانایە ، بـەڵام کـێ دەبێتـە نوخـشەکـێش و ئـەنـدازیاری ئـەو پلانەی(٢٥)بەنەزانانەو نەفامانـە وێـران ئـەکـرێ ئـەمـەش کـارو ئەرکێکی قورسە، وەك پیرەمێردی بلیمەت ئەڵێ :.

**بەردێ کەنەزان بیخاتەناو ئاو**

**دەرنایە بەسەد زانای تەواو**

جـا وەرە دەسـەڵاتێـك مـرۆڤ بکـڕێ و دەیـان بـەرپرسـی نابەرپرس بکاتەسەردارو دەیانی تر بکاتە پاڵەوانی بێ شمـشێرو دەیـان دەوڵـەمـەنـد دروسـت بکـات و بیانکاتـە بازرگـانی هاوشەریکی خۆیان و هەزاران دۆنم زەوی پاوانگە لەسەر خۆی و حیزبەکـەی تـاپۆ بکـات و هـەزاران دۆنـم بکاتـە ڤـێلاو هـیچ بنەمایەك نەمابێ بۆ دانـانی بـەردی بناغـەی فـەلـسەفـەیـەکـی پەردەردەو تـەندروسـتیەکـی بـاش و مرۆڤـەکـان بکرێنـەکـاڵا و بازرگانی بەهەیبەت و رۆح و کـەسـێتیان بکـرێ و بیـرو بـاوەڕ بکرێتە بـەرژەوەنـدی بـاڵای مـادی و سـەنگـەر بگوازنـەوە ، بـۆ گەیشتن بەکەماڵی کەماڵ، بۆیەووتراوە:.

**کەماڵم بوو کەماڵم بوو**

**کەماڵم چوو کەماڵم چوو**

ئەمانە ئەو کـەس و خـەڵکـەیـان بـەم درۆیـە ڕاهێنـاوە کـە سامان و سەروەتیان هەبێ ئەوە کەماڵ و کەسێتیە ، کەئەوەش نەبوو هیچت نیە ، جا تووخوا کۆمەڵگە ئاوا بنیات ئەنرێ ؟

هەر بەکەسە ساویلکەو هەژارەکانەوە نەوەستاون ، ئـەمانـە کاریان لەسەر هـەنـدێ کـەسـی بـەنـاو خوێنـدەوارو سیاسـیش کردووەو لەڕاگـەیاندنـەکـانیش ڕوویـان رەش ئـەکـەن و ئـەڵـێن ئەمەیە ماڵی گەورەی خۆتان.

ئەرکی رۆشنبیرو سیاسـیە ڕادیکاڵـەکـانی ئـەم کۆمـەڵگـەیـە ئەوەیە بچنەوە بەگژ حیزبە نەریتەوانەکان و دواکـەوتـوەکـان ، تا کەرامەتی مرۆڤی کـورد نـەشـکێنن و ئـەوەنـدە لایـان گرنـگ

نەبێت ئەو دەسەڵاتەی کـاری خـەرابـات و وێرانکـاری بـەپـیلان ئەکاتە بەرنامە ، ئەبێ بەگژ ئەو کـارەیـا بچینـەوەو مرۆڤـەکـان لەو ژەنگە دارِزێنەرەی عەقڵی سیاسی چەقبەستوو ڕزگار بکەین و (رۆسۆ) ئاسـا پـەیمانـی کۆمـەڵایـەتـی ، بکـەینـە بـەرنامـە تـا جوانترین شۆرش بۆ ئازادی مـرۆڤ بـەدی بێنـین و مـەشـخەڵـی ڕوناکی بەدەستمان هەڵگرین و نەفرەت بکەیـن لـەوانـەی ئـەو مەشخەڵە دائەمرکێنن.

لێرەوە ئەبینە ئـەو کاروانـەی بـۆ ئاسـۆی ڕونـاکی و ڕزگـاری مرۆڤی کورد ئەکەوینە ڕێگا و بەدەم ڕوانینمان بۆ ئاینده هـاوار ئەکەین :.

**هەرکاروانێ**
**بۆپرشنگی خۆر بروانێ**
**کەم بن یان زۆر**
**لەئەنجاما ئەگەن بەخۆر**

## ئێمەو ریشۆڵەکان

پـێش ئەوەی ئـاگری نەورۆزپەیـامی بەرزی و پیـرۆزی بە تیـشکی ڕوونـاکی ئـاگر بگەیەنێـت ، پـێش ئەوەی سرمەی تەزیوی ڕەشەبا و زریـان کۆتـا بێـت بە نەسیمی نەرم ونیـان ، پێش ئەوەی کەس بیری سەفەری هەبێت بۆ مەملەکەتێکی تـر، پۆلە ریشۆلەی ڕەش پۆش ئەبنە جوانترین دیمەنـی دڵفـڕێن و سەرنجی چاوی ئەوانەی چاوەڕوانن ئەچێتە سـەریان و سـاتێك لەگەڵ ئەو گەشتە بەکۆمەڵە ئەبیـنە هاوسـەفەریان و بەدڵێکـی بـێگەرد پێـشوازیان لـێ ئەکەیـن ، ئەوان بە کـۆمەڵ هـاتن و بەکۆمەڵ لەسەر دارتێلەکانی کۆڵان بە کۆڵانی شار ئەنیـشنەوەو جارجـارەش ئەچـنەوە ئاسـمان تـابلۆی جۆراوجۆرئەنەخـشێنن ، پێمان ئەڵێن لە سیمای ڕەش و قەترانیمان مەڕوانن، بزانن ناخ و دڵ و هەسـتمان چەنـدە پـاك و بـێگەردە و لەبیـرو یـادی نیـشتمانی ئێـوە دابـوین، بـۆیە وەفـاو دڵـسۆزی و سـەفەری بەردەوام و گەڕانەوەی ساڵانەمان کردوە بە پیشە ، ئەمـانەوێ

وانەی ژیانتـان فێـربکەین و چـیمان لە وولاتـان بینـی بۆتـان بگێــرینەوە ، کەچــی ئێــوە ئەوەنە بێوەفــاو ســتەمکارن ، ئەمانکوژن یان ئەمانخەنە قەفەزو بازرگانیمان پێ ئەکەن ، یان ئەماندەنە دەست مناڵەکانتان و ئەوانـیش بەنـاوی یـاری لەگەڵ کردن پەڕوباڵمان ئەکەن و پاش ئـازاردانێکی زۆرئەمـان کـوژن ، بەوهەموو ئازاردان و ناخۆشی و بێ وەفاییەوە ، کەچی سـالانە دیینەوە لاتـان وئەمـانەوێ مـاڵێکی خنجـیلانە لە نـاو حەوشـەو گوێسە بانەکانتـان بکەیـن ئێـوە ئەوەشـمان پـی ڕەوا نـابینن و هیلانەکەمان ئەڕوخێنن ، بۆیە پاش ئەوهەموو ڕاستیانەی من هەسـتم پـێ کـرد کە ریـشۆڵەکان بە ئـێمەی ئەڵـێن ، داوای لێبــوردنم لەپۆلێکیــان کــرد کە ئەمــڕۆ بەســەردارتووەکەی کۆلانەکەمــانەوە نیــشتنەوە و پێمــوتن ئیترئێــوە بەشــێکی گەورەئەبـن لە بیـرەوەری سـالانەمان و بمـان بـورن کە تائیـستا نەمـانتوانیوە ڕەنـگە جـوان و سـپی و بێگەردەکەتـان ببینـین ، ئیمە هەمیشە هەر لە ڕوخسارەوە هەمووشتەکان ئەبینین .

نـاوەڕۆك لامـان هـیچە ، لەگەڵ تەواو کردنـی ووشـەکانم هەموویان لەسەردارتووەکە هەڵفڕین و جێیانهێشتم........

## ئەو ساتانەی دەبینە تابلۆ

بیــری منــاڵی تیــژە، بــۆیە ئەوتەمەنە ئەبێــتە ئەلبــومێکی ئەرشیفی بۆ مرۆڤ و یادەوەریەکان.

ئەوســـا چەنـــد کەســـێکی لەخۆمـــان گەورە تـــر بەوە ئەیانترســـاندین کە نـــابێ وێـــنەی هـــیچ گیـــانلەبەرو مـــرۆڤ و تەنـــانەت ڕووەکـــیش بکێـــشین چـــونکە لەودنیـــا خـــوا گیـــان لێپرســـینەوەمان لەگەڵ دەکـات و داوامـان لـێ دەکـات گیانیـان بەبەردا بکەین .

ئەمە بووە بەوتارماییەی کە تـرس و دڵەڕاوکـێ ی لەنـاخی منا چاندو نەمتوانی ببمە نیگارکێشێکی باش ، کە گەورە بووم و هەستم کرد ئەوە تەنهـا ترسـاندنم بـووە و هـۆیەکیش بـو وبـۆ دابــڕانم ، لەو هــونەرە جــوانە ، دوایــی زانــیم کە دافنــشی و بیکاسۆومانی و سەدانی تر بەهۆی ئەم هونەرە بەرزەوە دنیایـان نەمرترکردو میژووشیان رەنگینترکرد بۆخۆیان و بۆ مرۆ ڤـایەتی ، لەئیـــستادا ئەوەی لای مـــن زۆر گرنـــگ و پـــر بـــایەخ بێـــت بـــۆ بیرەوەری و ئەرشیف و یادگاری تەنها دووشتە، ئەوانیش (کتێب و وێنە)یە.

کتێب بیرو هزری مرۆڤ دەوڵەمەند دەکات و مێشك فراوان دەکـات و داهێنـان لە کـردارو گفتـاری مـرۆڤ بەدی دێنێـت و هەرســێ پــایە گــرنگەکەی فۆناغەکــانی ژیــان بەخــۆیەوە دەبەستێتەوە کە (جوڵە، گەشە، گۆڕان) ە.

وێـنەش تێڕامـان و بیرهێنـانەوەی کـردارو بیـرو ڕەوشـتی ڕابــردووی خۆمــان نزیــك دەکــاتەوەو لەشاشــەی دیــدەی خۆنەویــستمان نمــایش دەکرێــت ، بــۆیە دیــدە خۆنەویــستە پیەمێرد گوتەنی :

**من دیدەی خۆمم بۆیە خۆش ئەوێ**

**خۆی خۆی نابینێ، دنیاشی ئەوێ**

تۆبڵێی کـێ لەپـاش لەدنیادەرچووبمـان نیگارێکـان بکێـشێ ، لای کێ ببینە یادگاری ؟

**تەمەن**

تەمەنم لەبەر هەتاو بێت ، هەرگیز ئیرەیی بەوانە نـابەم بـوونە میــوانی ســێبەری ئــارامی ، یــان لە سەرشــەختەی ســەرمای بەســتەڵەکی قەد پـاڵی شـاخێك ئارامنـشین بـم ، ئیرەیــی بەو لێـرەوارانە نـابەم کە سـنگی پانیـان بـۆ ئـامیزی گەرمـی گەرمـا گرتۆتەوە ، ئەزموونی ژیان فێری کردم هەڵ لەرزێم وبچـۆقم لە سەرما ، نەبێت بـاکم وەکـو نـاڵەی نـێڵەی قـرچەی بەتینـی دەم گەرمــا ، هەرچــی دەنگــی باڵنــدەی بێنــازە ، لای مــن وەك چەهـچەهەی بولبـولێکی نـاو گـوڵزارە ، هەرچـی زامـی ئەویـن بەردیدەو دڵی کەوتبێت ، هاواری ئەو لەتاو ئازاری برین وزامی دڵـدارە ، ئەم گەنجیـنەی کاسـەی سـەرو کانیـاوی دڵەم ، بـۆتە جـــۆگەلەو ڕووبـــاری ئـــاو بـــۆزەوی دێمـــی بەڕووداره ، لەم چرکەسـاتەی تەمەنـم خەرمانێـك شـەنوکەوئەکەم ، بـۆمەرام و خەونی ئەوان ، کاسەی شەرابی خەیاڵم زوو پڕئە کە م .....

**بەرهەمە چاپكراوەكانی نوسەر**

١- وشە ڕەنگاڵەییەكان
٢-ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو
٣- خواستی خەڵك لە زمانی قەڵەمەوە
٤-ڕوانین بۆ ئایندە
٥- ئەو فرمێسكانەی وشك ناكەن
٦- سەمای بەفر
٧- پەلكەزێرینەی خەیاڵ